دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٠٣، پێنجشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢٢ی جوولای ٢٠٢١


www.kurdistanmedia.com



## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ٢٢ی پووشپەڕ


٢٢ی پووشپەڕ، بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، وەبیرهێنەرەوەی خەسارێکی گەورە و زامێکی قووڵە. لە کاتێکدا یادی ئەم بۆنە دڵتەزێنە دەکەینەوە کە ٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران. لەم بۆنەدا، پەیمانی ئەمەگ و وەفاداریمان بۆ ڕێبەری بلیمەتی نەتەوەکەمان و ئامانجەکانی نوێ دەکەینەوە و بێزاری و نفرەتی خۆمان لە ڕێژیمی دژەئازادیی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕین. بەردەوامی بۆ ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید و
سەرکەوتن بۆ خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی نەتەوەکەمان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١٩ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی



کوردستان لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو پەیمان نوێ دەکاتەوە

٤




دوو هێڵی گشتی لە میراتە هزرییەکانی دوکتور قاسملوودا

٦



د.قاسملوو شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەر و بەوەری ڕێگای ئازادی

٨



دیمانەی کوردستان

١٠

# شەڕی تینوویەتی




خەڵکی هەرێمی ئەحواز بوێرانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕژانە سەر شەقام و دوایین دروشمی یەکلاکەرەوەی خۆیان واتە مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامییان وتەوە؛ ئەم جوڵە کە دەسپێکەکەی لە سەرەتای حەوتووی پێشوو واتە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕدا بوو و پاش نەمانی ئاو و داخستنی دەریچەی بەنداوەکان و پچڕانی بەئەنقەستی ئاوی ڕووبارەکان هاتە ئاراوە، وا وێدەچێت کە ئاراستەکەی بەرەو خۆپیشاندانی گشتگیرتر و لە هەمان کاتدا توندوتیژتر دەڕوات؛ بەچەشنێک کە ئەگەر سەرەتا نارەزایەتی دەربڕینەکان تەنیا لە چەند شاری هەرێمی ئەحواز و لەلایەن خەڵکانی نیشتەجێ لە گوندەکانی دەوروبەری هەرێمی ئەحواز بوو، بەرەبەرە هەموو هەرێمەکە و لەوەش زیاتر پارێزگاکانی دیکە و لەوانە کرماشانیشی گرتۆتەوە.

ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان لە سەرەتادا هێمنانە و دوور لە توندوتیژی بوو بەڵام بەپێی نەریتی باو لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ئاقاری نارەزایەتیدەربڕینەکان بەرەو توندوتیژی ڕۆیشت و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە فیشەک و گوولـلە و باتۆم وڵامی داواکارییەکانی خەڵکیان دایەوە کە لە ئەنجامدا تا ئێستە لانیکەم ٥ کەس لە خۆپیشاندەران کوژراون و دەیان کەسیش بریندارن.

سەبارەت بە دۆخی ئاو لە ئێران «حەمیدڕەزا جانباز» بەڕێوەبەری شیرکەتی ئاو و ئاوەڕۆ وتوویەتی لە ئێستادا لەنێوان ٣٠٤ شاری ئێران کە کێشەی بێئاوییان هەیە، ١٠١ شار لەگەڵ دۆخی سووری دابینکردنی ئاو بەرەوڕوون. بە وتەی ناوبراو ساڵی ڕابردوو ئەو گوندانەی کە بە تانکێر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دابین دەکرا ٥ هەزار و ٥٠٠ گوند بوو بەڵام ئەمساڵ ئەم ڕێژەیە بۆ ٨ هەزار گوند بەرز بووەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا «عیسا کەلانتەری» بەرپرسی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ ڕایگەیاند کە پەرەسەندنی قەیرانی بێئاوی و چارەسەرنەکردنی، لەنێوان پارێزگاکان و گوندەکاندا شەڕ دروست دەکات. بەهۆی ئەم دۆخەوە هەتا ئێستا چەندین جار خەڵک لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوە بردووە، بەڵام لەلایەن بەرپرسان و ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە هیچ وڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە. موجتەبا یووسفیش بەناو نوێنەری ئەحواز لە مەجلیسی ڕێژیم پاش چەند ڕۆژ کوشتار لە هەرێمەکەدا هاتە گۆ و وتی: گریانم دێ کە بە هەبوونی ٥ بەنداوی گەورە و ٧٠٠ گوند و ٢٥ شار، هەرێمی ئەحواز قەیرانی ئاوی هەبێ. لە کوێی دنیادا دەشتی پڕئاو دەکەن بە کەویر و قاقڕستان؟! ئەمانە نیشانەی نەبوونی بەڕێوەبەریی دروستە. زۆرترین نارەزایەتی و ڕووداوەکانی پێوەندیدار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شارەکانی خەفاجییە (سووسەنگرد)، ئەحواز، کەرخە، فەلاحیە (شادگان)، کووت عەبدوڵلا، حەمیدیە، شووش و عەبادان (ئابادان) ڕوویان داوە.

لە دژکردەوە بە هەوڵی سیستماتیکی ڕێژیم بۆ سەرکوتی نارازییان زۆریک لە لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم لەوانەش ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و هەروەها کانوونی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بە دەرکردنی ڕاگەیەندراو دژایەتیی خۆیان بەرامبەر کوشتاری خەڵکی بێتاوانی عەرەب لە ئێران دەربڕیوە و کرداری نامرۆڤانەی ڕێژیمیان مەحکوم کردووە؛ دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتیش بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمی تایبەت داوای لە خەڵک کردووە کە پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئەلئەحواز بکەن. هەر لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتی ئامریکا بە فەرمی نیگەرانی خۆی لە دۆخی ئاماژەبۆکراو دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە بە وردی ڕووداوەکانمان لەژێر چاودێری خستووە و پشتیوانی لە مافی خۆپیشاندەران دەکەین.

بەڵام جیا لە دژکردەوە و کاردانەوەی لایەنە دەرکییەکان ئەوەیکە جێگای سەرنجە هەڵوێستی گاڵتەئامێزی ڕێبەرانی ڕێژیمە؛ عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی سەرکوتکەرە کە لە پەیامێکی ئینستاگرامیدا دەڵێ: «ئەرکی سەرشانی بەرپرسانە کە تاوتوێی کێشەکانی «خوزستان» بکەن!»

یان حەسەن ڕووحانی لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا دەڵێ: حیسابی خەڵکی «خوزستان» لەگەڵ تاقمێکی بچوک کە دروشم دەدەن جیاوازە! وەک بڵێی ئەو کەسانەی لە سەر شەقامەکانی ئەحوازدا داوای سەرەتاییترین مافی خۆیان دەکەن لە وڵاتێکی ترەوە هێنرابێتن و خەڵکی بە قەولی وی «خوزستان» نەبن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین قەیرانەکانی ڕابردوو لە ئێران ئەمڕۆ خەریکن دەبنە مەزنەقەیران و ئەگەر تا دوێنێ بە هەندێ وادە و بەڵێنی ئاو بە ئاگردا دەکرا ئەمڕۆ چیتر بە سڕینەوەی ڕواڵەتی پرسەکان ناکرێ چاوەڕێی هێوربوونەوەی دۆخەکە ببین. دۆخی زۆربەی پارێزگاکانی ئێران بەتایبەت لە باشوور و ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بگرە لە هەرێمی ئەحوازیش خراپتر بێ و خەڵکی لە ژێر هێڵی سووری بێ ئاویدا بژین بەڵام دەبێ بگوترێ نە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئورژانسی ئەو کێشەیەی لەو سەرەتای هاوینەدا بۆ چارەسەر دەبێ و نە هەنگاویشی بۆ هەڵدەگرێ. کۆماری ئیسلامی تەنیا ئامادەباشی داوە بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کە دژی هەر جۆرە ڕاپەڕینێک بوەستنەوە ئەگینا بۆ چارەسەری کێشەی کەمئاوی نە بوودجەی هەیە و نە پلان. مانگی ڕابردوو خەڵکی بەلووچستان خۆپیشاندانی بەرینیان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئەنجام دا بەڵام بێ سەرئەنجام کۆتایی پێهات. ئەو دۆخە ژینگەییە کە ئێستە لە ئێراندا هاتۆتە پێشێ بە ڕاستی بەشی هەرەزۆری هۆکاری مرۆییە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی بێ مودیریەتی دەوڵەتەوە سەری هەڵداوە. قەیرانی ژینگە بەو دۆخە شپرزەی ئێرانەوە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەڕوات و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش کە لە باری ژینگەییەوە لە دۆخی نیوەنۆرماڵدان، بەهۆی کۆچ و کۆچبەرییەوە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی گۆڕانی دێموگرافی و تێکچوونی باڵانسی حەشیمەت دەبنەوە.

بەوپێیە و لەم قۆناخەدا کە ئێران تێیدایە و سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە دژی دەزگای داڕماو بەردەوام تەشەنە دەستێنێ لە سەرەتادا ئەرکی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی هەرێمی ئەحواز بە شێوەی مەدەنی لە گۆڕەپان و شەقامی شارەکاندا هاوخەمی و هاوپێوەندی خۆیان دەربڕن. نەتەوەکانی ئێران کە لە پەراوێزی وڵاتدا دەژین لە داهاتوودا تووشی ئەو نەهامەتییە دەبنەوە و چارەنووسیان لە هەرێمی ئەحواز کەمتر نابێ. لەم نێوانەشدا ڕێکخراوە مەدەنییەکان، چالاکانی سەربەخۆ و هەموو پێکهاتەکان دەبێ وەک دەستپێشخەر و پێشەنگ ئەرکی ڕاپەڕاندنی جەماوەر وەئەستۆ بگرن و کوردیش وەک بەئەزموونترین نەتەوە لە چوارچێوەی دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەبێ ڕۆڵی پێشەنگبوونی خۆی بگێڕێ.

ئەوەیکە لە هەرێمی ئەحواز تێدەپەڕێ لە ڕاستیدا شەڕی تینوویەتییە! بەشێک تێنووی ئاون، بەشێک تینووی خوێن و بەشێکیش تینووی ئازادین! خەڵکی ئاسایی کە دەرەتانی ژیانیان لێ ئەستێندراوەتەوە شەڕ دەکەن بۆ ئەوەیکە بتوانن ئاو وەدەست بخەن و زیندوو بمێنن، کۆماری ئیسلامی هێزی ڕەوانەی ئەو ناوچانە کردووە تاکوو تینوویەتی خۆی بە خوێنی لاوانی عەرەب نەهێڵێ و ئازادیخوازانیش کە ساڵانێکە بەدوای ئازادییەوەن و تینووی ئازادین لە هەوڵدان تا بە ئازادی ڕووبارەکانی ژیانی خۆیان نەسڵی دوای خۆیان پڕئاو و تێراو بکەن.

## پەیڤ

### ئێران لەت دەکا

کەریم پەرویزی

ساڵانێکی زۆرە کە سیستمی کۆلۆنیاڵیستی- شۆڤینیستیی حاکم لە تاران، هەوڵ و پەلەقاژەی ئەوە دەدا کە نەتەوە ستەملێکراوەکان لە ئێراندا وەکوو سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئەمنییەت و یەکپارچەیی دەسکرد، نیشان بدا و وا بنوێنێ کە گەر ئەم سیستمە کۆلۆنیاڵیستی شۆڤینیتسیە، نەمێنی و بڕووخێ، هەموو نەتەوەکان لە ئێراندا، کە ئەم سیستمە بۆ سووکایەتیکردن، بە ئەقوام ناویان دەبا، هەرکامەیان سەر بە وڵاتێکی بیانین و بە پیلانی ئەوان ئێران دابەش و لەتوپەت دەبێ.

هەم حکوومەتی پاڵەوی دەیگوت کە گەر شا نەمێنێ ئێران دەبێتە ئێرانستان، یانی بە ڕووخانی شا، ئێران لەت لەت دەبێ و هەم ڕێژیمی خومەینیش کە درێژەی سیستمی پاڵەوییە بەڵام بە عەمامەوە، پڕوپاگەندەی ئەوەی کردووە و دەیکا، هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی نەتەوە ستەملێکراوەکان بە دەسکردی دوژمنانی ئێران ناو دەبا و دەڵێ گەر ئەم نیزامە واتە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی نەمێنێ، ئەوە هەموو ئەقوام، وەکوو بەکرێگیراوی ئامریکا و سەهیۆنیزم، ئێران لەتوکوت دەکەن!

ئەم پڕوپاگەندەیەیان تاڕادەیەک کاریگەریی لە بیری هەندێ لە فارسەکانیش کە بەقەول خۆیان بە ئازادیخواز دەناسێنن داناوە کە لە بڕگە هەستیارەکاندا ئامادەی ئەوە نین پشتیوانی لە مافی ئینسانیی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران بکەن و دەڵێن مەترسیی لەتبوون چاوەڕێی ئێران دەکا!

ئەم بیری کۆلۆنیالێستی- شۆڤینیستیە تا ڕادەیەک قووڵ بۆتەوە کە کەسانێکی وەکوو داریووشی هومایوون، پەیدا بوون کە دەیانگوت گەر کۆماری ئیسلامی بکەوێتە مەترسیی ڕووخان و لەنێو چوون، ئامادەن چەک هەڵبگرن و دیفاع لە ڕێژیمی خامنەیی دەکەن!

کاتێک شا ڕووخا، ئێران نەبوو بەو ئێرانستانە کە مەترسیەکەیان باس دەکرد و نەتەوەکانی نێو ئێران جودا نەبوونەوە و لەولاشەوە دەسەڵاتێکی مهلوڕتر لە پاڵەوی هاتە سەرکار و هەموو ئەوانەی لە ترسی درۆیینەی لەتوپەت بوونی ئێران پشتی کۆماری ئیسلامییان دەگرت و تاوانەکانی ڕێژیمیان پاساو دەهێنایەوە، خۆیان کەوتنە بەر تیغی جەللادەکانی جەماران و مەگەر دوای مەرگ زانیبێتیان کە چ وەهمێک دایگرتبوون!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٢هەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژی ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی بەرانبەر بە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ کاک «عەبدوڵڵا قادریئازەر» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک دوکتور «فازل ڕەسووڵ» کەسایەتیی کوردستانی باشوور و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، بەدەست تیمێکی تێرۆری کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕۆژان و ڕووداوگەلی تاڵ و شیرین هەن کە لە بیر و شعووری تاکەکاندا جێ دەگرن و لەبیر ناچنەوە. ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ یەکێک لەو ڕۆژە تاڵانەیە بۆ نەتەوەی کورد.

بێجگە لە گەورەیی و زانایی و دەوری کاریگەریی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، شێوەی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە ناودارە، بۆعدێکی تایبەتیی دیکە دەدا بەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی.

«عەبدولڕەحمان قاسملوو» وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی، بەو مەبەستە بەپیر داوای کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ کردن چوو و ڕیسکی دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی ئەو ڕێژیمەی وەخۆ گرت کە لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و دیالۆگەوە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکرێ، شەڕ و کاولکاریی لە گەل و نیشتمان دوور بخاتەوە و ماف و ئازادی بۆ نەتەوەکەی دابین بکا.

یانی، دوکتور «قاسملوو» لەپێناو دابینکردنی ئاشتی و ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەیدا سەری دانا و بەو جۆرە، تاوانەکە، نەک تەنیا بەدژی حیزبێک، بەڵکوو بە دژی میللەتی کورد بەڕێوە چوو.

بەڵام ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی کە بڕوای بە ماف و ئازادیی گەلان نەبوو، دژی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بوو و بەپێی سروشتی، لەگەڵ بڕوا و بەهاکانی ئەو سەردەمە ناتەبا بوو، ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ وتوێژی بە دەرفەت زانی و دوکتور» قاسملوو» و هاوڕێکانی لەسەر مێزی دانوستان شەهید کردن.

کوردستان لە هەموو بارێکەوە ببوو بە چقڵی چاوی دەسەڵاتدارانی تازەپێگەیشتوو. کۆماری ئیسلامیی دواکەوتوو و بیرتەسک کە بناخەی لەسەر جیاوازیدانان و سەرکوتی ئازادیخوازن داڕژرابوو، بیروبڕوای پێشکەوتنخوازانەی دوکتور قاسملوو، بەرنامەی مودێڕن و ئازادیخوازانەی حیزبەکەی ئەو و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی پێ تەحەمول نەدەکرا.

ڕێژیم دەیزانی کە کەسایەتیی بەرز و کاریزماتیکی دوکتور «قاسملوو» نەک هەر لە دیاریکردنی سیاسەت و ڕێبازی پێشکەوتنخوازەنەی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو لە دیاریکردنی ئامانج و لە دنیاڕوانین و ستراتێژیی جووڵانەوەی کوردستانیشدا دەوری یەکلاکەرەوەی دەگێڕا.

بۆیە، ڕێبەرانی ئازادیکوژ و دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بیری لەنێوبردنی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» بەو مەبەستە کە دوای ئەو حیزبی دێموکرات بێ سەر دەمێنێتەوە و توانای جووڵەی لێدەبڕێ و لەگەڵ ئەو، جووڵانەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیش بەچۆک دادێ و پرسی کورد کۆتایی پێدێنێ. خەیاڵی خاو!

ماوەی ٣٢ ساڵ دوای جینایەتی ڤییەن و لەدەستچوونی ڕێبەری هەڵکەوتوو، خەونی ئاڵۆزی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر وەدی نەهاتووە، بەپێچەوانە، جووڵانەوەی کوردستان لە گەشەسەندن و بووژانەوەی بەردەوام دایە و حیزبی قاسملوو هەروا سەربەرزانە لەسەر پێیە و لە سەرتاسەری کوردستان درێژە بە خەبات دەدا.

ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیک و بیرتەسکی کۆماری ئیسلامی تێناگا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کوردستان بەگشتی، ڕیشەیان لەنێو خەڵکی کوردستان داکوتاوە و ویست و داخوازیان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی نیشتمانپەروەرەوە پشتیوانیی لێدەکرێ.

ڕێژیمی مەزهەبی- ناسیۆنالیستی کۆماری ئیسلامی توانای تێگەیشتن لەو ڕاستییەی نییە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران پشتگەرم بە پشتگیریی خەڵکی، لێبڕاون هەتا سەرکەوتن و دابینکردنی مافە ڕەواکانیان، درێژە بە خەبات بدەن.

ڕۆڵەکانی «قاسملوو»، کچان و کوڕانی بەجەرگی پێشمەرگە، هەتا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستن و ئازایانە بەگژ دوژمنی دیکتاتۆردا دەچنەوە.

کۆماری ئیسلامی وەک هەموو ڕێژیمە دژیگەلی و سەرەڕۆکان بە هەڵە چووە و گەلی کوردی نەناسیوە. نەتەوەیەکی ژێر ستەم کە خەباتی خۆی بە ڕەوا و دێموکراتیک دەزانێ و بڕیاری داوە سەر بکەوێ و تێچووی گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی وەخۆبگرێ، هیچ هێزێک ناتوانێ شکستی پێ بێنێ و پاشەکشەی پێ بکا، و درەنگ یا زوو دیکتاتۆر بەچۆک دا دێنێ و خۆی لە چنگ چەوسانەوە و زۆردار ڕزگار دەکا و ماف و ئازادیی بۆخۆی دەستەبەر دەکا.

هاووڵاتییانی بەڕێز!

ئەمڕۆ لەکاتێکدا یادی ٣٢مین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری نەمر دوکتور «قاسملوو» دەکەینەوە کە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆ و لە ئاستی دەرەوەدا لە پەرەسەندن و قووڵتربوونەوە دان، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٢٨ی جۆزەردانی ١٤٠٠دا، زیاتر لە ڕابردوو قەیرانی ڕەوایی بەرۆکی پێ گرتووە.

بایکۆتی بەربەرین و بێوێنەی هەڵبژاردن لەلایە زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و چالاکانی سینفی و مەدەنی لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات، بەڕوونی دەری دەخا حکوومەت زیاتر لە هەمیشە لە خەڵکی وڵات دابڕاوە و کۆمەڵانی خەڵک بڕوا و متمانەیان بە کۆماری ئیسلامی نەماوە.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم، بەر لە هەڵبژاردن داوای هاتنەسەرکاری «دەوڵەتێکی ئینقلابی»ی کردوە. لە ڕوانگەی خامنەییەوە دەوڵەتی ئینقلابی یانی دەوڵەتێک کە بۆ وەدیهێنانی سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی ئەو هەوڵ بدا و ئەوەش بەو مانایەیە کە بێ ئەملاوئەملا گوێلەمستی «ڕێبەر» بێ، لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە بە مەبەستی شێواندن و ناسەقامگیرکردنیان بەردەوام بی، پەرە بدا بە تێرۆریزمی دەوڵەتی، بەردەوام بێ لە بەرەوپێشبردنی بەرنامەی ناوکی و مووشەکی بالستیکی، تاقمە چەکدارە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە ناوچە دا بەخێو بکا و پشتیان بگرێ. دژایەتیکردن لەگەڵ ڕۆژاوا بەشێکی دیکە لە سیاسەتی «دەوڵەتی ئینقلابی» دەبێ و ... .

کۆماری ئیسلامی بەپێی عادەتی ڕێژیمە داخراو و ئیدئۆلۆژیکەکان، بەهۆی ئەوەیکە توانا و ئیرادەی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نییە، پەنای بردوە بۆ یەکدەستکردنی حکوومەت و سەرکوتکردنی هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازنە. بەڵام بە دڵنیاییەوە، بەپێی ئەزموون، ئەوە یەکدەستییە زۆری پێناچی درزی تێدەکەوێ و ڕێژیم بەرەو لاوازیی و داماویی زیاتر پاڵ پێوەدەنێ. سروشت و ساختاری ڕێژیمە سەرەڕۆ و گەندەڵەکان لە خۆیاندا بەرهەمهێنەرەوەی ناتەبایی و دووبەرەکین.

بەو حاڵەش، ڕێژیمی دیکتاتۆری بەوەندە پاشەکشە ناکا و ناڕووخێ. بۆ ئەو مەبەستە یەکگرتوویی و خۆڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆن لە بەدیلێکی دێموکراتیک و گشتگیردا پێویستە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە لێکدانەوەی دروست لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ئێران، بڕیاریان داوە بە یەکەوە و بە پشتیوانیی لێبراوانەی گەلەکەیان، بە هێزی یەکگرتوویان کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەن بە هێزی شوێندانەر، بەرەنگاری زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی بنەوە و هەتا گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان دەست لە خەبات و فیداکاریی هەڵنەگرن و مزگێنیی ئازادی و سەربەستی بۆ قاسملووی نەمر و هەموو شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بنێرن.

لە مانگی پووشپەڕدا جێی خۆیەتی کە جارێکی دیکە خەسارێکی گەورەی دیکە وەبیر بێنینەوە.

ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو کاتی حیزب، بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لێکردین. بە کۆچی دوایی کاک سەید سەلام عەزیزی وەک ڕێبەرێکی شێلگیر و خەباتگێڕ، خەسارێکی گەورە لە حیزبی دێموکرات و خەباتە ڕەواکەمان کەوت. یادی هاوڕێ کاک سەید سەلام عەزیزی بەرز و بەڕێز و ڕۆحی شاد بێ.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ڕێبەری ناودار دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ»

مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریستیی کوماری ئیسلامی

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی قاسملووی هەمیشە زیندوودا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢١ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٢ی جوولای ٢٠٢١ی زایینی**

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە پاریس سەردانی مەزاری شەهیدانی ڤییەنی کرد




ڕۆژی سێشەممە ١٣ی ژوئیەی ٢٠٢١ بەرابەر لەگەڵ ٢٢ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریسی پێتەختی وڵاتی فەرانسە، لە ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب و هاوڕێیانی، سەردانی مەزاری ئەو شەهیدانەی لە گۆڕستانی پێرلاشێز کرد.

لێپرسراوی گشتیی حیزب بە دانانی گوڵ لەسەر مەزاری شەهیدانی ڤییەن و بێرلین، لەلایەک پەیمانی لەگەڵ ئەم شەهیدانە نوێ کردەوە کە ڕێگایان درێژەی هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم سەردانە پیشاندەری وەفایەکە بۆ خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەم شەهیدانە.

٣٢ ساڵ پێش ئێستا و لە وەها ڕۆژێکدا کاربەدەستانی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مێزی وتووێژ بۆ ئاشتی، ڕێبەرانی بزووتنەوەی مافخوازیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان ناجوامێرانە شەهید کرد.

کاربەدەستانی دەوڵەتی ئۆتریش دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییان بەبێ لێپرسینەوە و بەدواداچوون ڕەوانەی ئێران کردەوە.

درێژەپێدەرانی ڕێگای شەهید دوکتور «قاسملوو»، هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا بە چالاکیی سیاسی و تەبلیغاتی و بەرپاکردنی سێمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە، پیشان دەدەن کە ئەم شەهیدانە لە بیر نەکراون و هێشتا وەکوو مەشخەڵ بەدەستانی ڕێگای ئازادیی کوردستان چاویان لێ دەکرێت و ڕێز لە خەباتیان دەگیردرێت.

# پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جەژنی قوربان



پەیام بەبۆنەی جەژنی قوربان

جەژنی قوربان لای موسڵمانان، کۆتایی ڕێوڕەسمی حەج و لای گەلی کورد ڕۆژێکە بۆ بەخشینەوەی خێر بەسەر نیازمەنداندا.

بۆیە جەژنی قوربان بووەتە بەشێک لە کولتووری پێکەوە ژیان و یارمەتیدان لە کۆمەڵگادا.

جەژنی قوربان لە بڕوادارانی کورد و هەموو موسڵمانانی ئاشتیخواز پیرۆز بێ.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی

هاونیشتمانییانی بەڕێز
کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان

هەروەک ئاگادارن، ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ٢٠٢١ی زایینی، ٣٢ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە شوێندانەرترین ڕێبەرانی مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تێدەپەڕێت.

لە وەها ڕۆژێکدا دوکتور قاسملوو کە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی ئاشتیانە بۆ پرسی کورد لە کوردستانی ئێران سەردانی شاری ڤییەن، پێیتەختی ئۆتریشی کردبوو، لەسەر مێزی وتووێژ و لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە درایە بەر دەسرێژ و وێڕای عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و فازڵ ڕەسووڵ کەسایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستانی عێراق شەهید بوون.

لەو تاوانە تێرۆریستییە قیزەونەدا ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی دوور لە هەموو پرەنسیپە سیاسی و مرۆیی و دیپلۆماتیکەکان کەڵکی خراپی لە نیازپاکیی و ئاشتیخوازیی دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی ڕەوای کورد و عورف و ڕێساکانی دیپلۆماسی و دیالۆگ وەرگرت و لەنێو جەرگەی وڵاتێکی ئورووپاییدا بە شێوەیەکی دڕندانە دەستی بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە قیزەونە برد.

لەو نێوانەدا هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش وەکوو وڵاتێکی ئورووپایی کە بە ڕواڵەت لە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا بێلایەنیی هەڵبژاردووە، چ پێش تێرۆرەکە و چ لە دوای کارەساتەکە و داڵدەدان و بەڕێکردنەوەی تێرۆریستەکان بۆ ئێران، ئاشکرا ڕێخۆشکەری بەڕێوەچوون و سەرپۆشدانان لەسەر تێرۆرەکە بووە و لەو کاتەوە هەتا ئێستاش داخستنی دۆسیەی ئەو تێرۆرە لەبەرانبەر ساتوسەودا ئابووری و سیاسییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران، پەڵەیەکی شەرم و شوورەیی بە نێوچاوی دەوڵەتی ئۆتریشەوە بووە.

هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئۆتریش لە ڕاستیدا هاندەرێک بۆ درێژەدانی تێرۆری نەیارانی ڕێژیمی ئێران لە ئورووپاشدا بوو. وەک لە دۆسیەی دادگاییکردنی تاوانبارانی تێرۆری میکۆنۆسدا دەرکەوت، تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیشی بەشێک لە پیلانی پاکتاوی نەیارانی ڕێژیم بوو کە ڕێبەر و سەرکۆمار و بەرپرسانی باڵای ڕێژیم تێیدا بڕیاردەری سەرەکی بوون و لە زەرفییەتی دەزگای دیپلۆماسی بۆ سەرخستن و ئەنجامدانی ئەو تێرۆرە کەڵکاژۆ وەرگیرا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی ئەو تاوانە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە یەکێک لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کردە ئامانج، یادی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و گیانبەختکردووانی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بەرز ڕادەگرێت و پێ لەسەر درێژەدانی ئامانجە مرۆییەکانیان دادەگرێتەوە.

هەروەها داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلانی ستەملێکراو دەکەین بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە وڵاتانی ئورووپایی سەرقاڵی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامین، دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەئیسی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی تاوان و کۆمەڵکوژیی ئەو ڕێژیمە وەکوو سەرکۆماری ئێران بە پەیامێکی جیددی بۆ درێژەدانی سیاسەتی کوشتار و تێرۆر و زەبروزەنگ وەربگرن و بە وەگەڕخستنی دۆسیەی تێرۆرەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات و لەپێش هەموویان تێرۆری دوکتور قاسملوو، هەم یارمەتیدەری بەڕێوەچوونی دادپەروەری بن و هەم شکست بە هەوڵەکانی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری ئێران بۆ درێژەدانی ئەو چەشنە سیاسەتانە و زاڵکردنی کەشی تێرۆر و تۆقان بەسەر کۆمەڵگای مرۆییدا بهێنن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# سێمینارێک لەسەر ڕۆڵ و بیر و هزری دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوو

سێ ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۱ی پووشپەڕ، بەبۆنەی ۳۲هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، سێمینارێکیان لە سەنتەری لاوانی کۆیە بەڕێوە برد.

سەرەتای سێمینارەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر لەلایەن «سروور ڕێواز» پێشکەشکاری سێمینارەکە بەخێرهاتنی گەرمی هەموو بەشداربووان، بەتایبەت «دوکتور هۆشمەند عەلی مەحموود»، دوکتور «هەژار ڕەحیمی» و دوکتور «ئاسۆ حەسەنزادە» کرا.

پاشان پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کورد لەلایەن خاتوو «سەرگوڵ شابازی» سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سێمینارەدا دوکتور «هۆشمەند» باسێکی لەسەر «ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» پێشکەش کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا وتی: «لەسەر هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەبێ بە ئاگاییەوە ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو تێیدا ژیاوە و نەک بە ڕوانگەی ئەمڕۆوە واتە دوای ڕووخانی بلۆکی سوسیالیستی و گۆڕانی جیهان سەیری بکرێت». دوکتور «هۆشمەند» خەباتی دوکتور قاسملووی بەسەر دوو قۆناغی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دابەش کرد کە لە هەر دووکیاندا ڕۆڵی گەورە و کاریگەری هەبووە. دوکتور «هۆشمەند» باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپا دۆزی کوردی بە دەرەوە ناساندووە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دۆست و یار بۆ بزووتنەوەی کورد پەیدا بکات.

پاشان دێکۆمێنتێک لەسەر ژیان و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو پێشکەش کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی سێمینارەکەدا دوکتور «ئاسۆ حەسەنزاد» باسێکی لەسەر «میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو لە بەردەم تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرج» پێشکەش کرد. ناوبراو باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو نوێنگەی دۆزی ڕەوای نەتەوەی خۆی بوو و بۆ ئەمڕۆ و بۆ داهاتوو بووەتە سەرچاوەی شوناس و جینایەتی تێرۆرکردنی و ژیانی دوکتور قاسملوو دینامیزمی خەباتە. ژیانی دوکتور قاسملوو خۆلاسەیەکی مەسەلەی کوردە بەگشتی و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لە ژیانی سیاسیدا ئەو پارامێترە بێڕەحمانە بگۆڕێت کە مەسەلەی کوردیان تێدا دەرگیرە.

دوکتور «ئاسۆ»لە باسەکەیدا وتی: «دوکتور قاسملوو خەباتێکی فرەڕەهەندی لە کەسایەتیی خۆیدا کۆ کردبووەوە، ئەو دێموکرات بوو، سەرکردە بوو، پێشمەرگە بوو، دیپلۆمات بوو. شەخسییەتی ناوبراو پردێکی پەیوەندی بوو لەنێوان تەزادەکانی دونیای کوردەواری و دونیای مۆدێرن بوو».

پاشان لەو سێمینارەدا دوکتور «هەژار ڕەحیمی» باسێکی لەسەر «ڕەنگدانەوەی هزری دوکتور قاسملوو لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەنووکەیی کورد» پێشکەش کرد.

دوکتور «هەژار» باسی لەوە کرد کە یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو هەموو ساڵێک خاوەن گرینگیی خۆیەتی و تیرۆری دوکتور قاسملوو وەبیرهێنەرەوەیەکی زوڵمێکە کە ویژدانی هەموومانی بریندار کردووە پەڵەیەکی نەنگە بەنێوچاوانی کۆمەڵگای مرۆیی و کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دێموکراسیخوازیی دونیا. ناوبراو باسی لەوە کرد کە دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەما و بەهای هێناوەتە نێو کایەی سیاسی کە بە چاوی جیهان شەمول سەیری دەکرێت و یادی قاسملوو وەبیرهێنانەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕییە.

هەروەها دوکتور «هەژار» وتی: «دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی تەواو شۆڕشگێڕە و کە چەمکەکانی بە ئینسانی کردووە و لە قالبی ئیدئۆلۆژیدا قەتیسی نەکردووەتەوە».

ئەو سێمینارە بە دەربڕینی ڕا و بۆچوونی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

# بەڕێوەچوونی سێمیناری بەرزڕاگرتنی یادی د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە سلێمانی

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲۵ی پووشپەڕی ۱٤۰۰ی هەتاوی سێمینارێکی بۆ هەر یەک لە «تەیموور مستەفایی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب و «فوئاد خاکیبەیگی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزب پێک هێنا. سەرەتای سێمینارەکە، کە تێیدا بەشێک لە ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «مستەفایی» وتەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ «پێوەندییەکانی دوکتور «قاسملوو» دەس پێکرد و تێیدا وێڕای ئاماژەدان بە گرینگیی پرسی پێوەندیگرتن لەگەل لایەنە جۆربەجۆرەکان ئاوڕی لە بایەخداربوونی ئەم کەرتە لەلای دوکتور «قاسملوو» دایەوە و وتی: «دوکتور قاسملوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی درکی تەواوی بەنیسبەت ئەم خاڵە گرینگەوە هەبوو بۆیە لەسەر چەند بنەما هەوڵی بۆ پێوەندیگرتنی قوڵ لەگەڵ لایەنەکان و خەڵک و دەسەڵاتەکان دەدا کە بریتین لە: ستراتێژی، سیاسەت، ئوسوول و پرەنسیپ، دابەشکردنی ئەرک و هەروەها هەوڵدان بۆ یارگیری».

ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا لەسەر بنەمای «ستراتێژی»، ئاماژەی بە کتێبی «کوردستان و کورد»ی دوکتور «قاسملوو» کرد و وتی: کاک دوکتور لەم کتێبەدا باس لە نەتەوەبوونی کورد و جوغرافیایەک دەکات کە لە سەریدا دەژی. هەروەها باس لە ئابووری و مافەکانی ئەم نەتەوە دەکات و لە ئاکامگیری کتێبەکەشدا ئەو ستراتێژییە کە دوکتور «قاسملوو» دایڕشتووە بۆ خەبات دەکەوێتە بەرچاو کە لە ڕاستیدا ستراتێژییەکی نەتەوەییە؛ واتە هەوڵدانی کاک دوکتور لەپێناوی نەتەوەدایە. لە کۆتاییشدا باسی لە دۆستەکانی دوکتور «قاسملوو» کرد لەوانەش دوکتور «بێرنارد کۆشنێر»، دوکتور «فرێدریک تێسۆ» و دەیانی تر کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر دۆخی گشتی کورد و بەتایبەتی کورد لە کوردستانی باشوور کە ئەمەش ئاکامی پێوەندییە دروست و بنەمادارەکانی دوکتور «قاسملوو» بوو. دواتر فوئاد خاکی بەیگی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزب باسەکەی خۆی لە سەر «جیاوازییەکانی دوکتور «قاسملوو» لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی کورد» پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بەوەیکە نەسڵی نوێی کوردستان کە بە جەستە و لە نیزیکەوە د.قاسملووی نەبینیوە بەڵام خۆی لە چوارچێوەی فەلسەفەی وجودیی دوکتور «قاسملوو»دا دەبینێتەوە پڕژایە سەر تایبەتمەندییەکانی د.قاسملوو کە جیای دەکاتەوە لە ڕێبەرانی دیکەی کورد؛ لەوانەش وازهێنان لە ژیانی خۆش و ئاسوودەیی لە ئورووپا و ڕۆژاوا و بەپێچەوانەوە گەڕانەوە بۆ سەنگەرەکانی خەبات لە کوردستان و قەبوڵکردنی سەختی و دژوارییەکانی ژیانی پێشمەرگانە، مێعماریکردنی حیزب وەک قەوارەیەکی ئەمرۆیی بۆ خەبات، جێگیرکردنی پرەنسیپێک بەناوی بڕیاری بەکۆمەڵ و دوورکەوتنەوە لە تاکبڕیاری، باوەڕمەندبوونی قووڵ بە دێموکراسی، «نا»وتن بە تاکپەرستی، نەهادینەکردنی پرسی ئەخلاق لە سیاسەت» و دەیان تایبەتمەندی دیکە.

لە کۆتایی قسەکانیشیدا ناوبراو وتی: «ئەگەر نەسڵی نوێ، ئەندێشە و وتە و بیرکردنەوەکانی دوکتور قاسملوو بکەنە چرای ڕوناکیدەری ڕێگا و ڕێبازی خەباتیان بەدڵنیاییەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەبێت».

دوابڕگەی سێمینارەکەش بریتی بوو لە ڕا و سەرنج و پرسیاری بەشداربووان کە لەلایەن کۆڕگێڕانەوە وڵام درایەوە.

# بەبۆنەی ۲۲ی پووشپەڕ سێمینارێک لە جێژنیکان بەڕێوە چوو




بەبۆنەی ۲۲ی پووشپەڕ ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو و هاوڕێیانی» لە «ڤییەن» بەدەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە جێژنیکان سێمینارێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۱ی پووشپەڕ بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵە و میوانان، لە «جێژنیکان» سێمینارێک بەڕێوە چوو. سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن پێشکەشکارەوە باس لە ناوەرۆکی سێمینارەکە کرا کە ئەو سێمینارە لە دوو بەشدا بەڕێوە دەچێت.

سەرەتا «حوسێن نازدار» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سێمینارەدا قسەی کرد. «نازدار» باسی لەوە کرد کە ئەم ڕووداوەی «ڤییەن» ڕووداوێکی تاڵ بۆ نەتەوەی کوردە کە هیچ کات لە بیر و هزری ئێمەی تاکی کورددا ناسڕدرێتەوە. ناوبراو باسی لەوە کرد، دوکتور «قاسملوو» دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەرکێکی زۆری لەسەر شان بوو چونکە ئەو دیسانەوە دەستی بە سازماندەییکردنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کرد کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان پەرتەوازە ببوون. «حوسێن نازدار» لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە د. قاسملوو هەم فێرکار بوو و هەم فێرخواز؛ ژینگەی کوردستانی بە باشی دەناسی؛ باوەڕمەند بە نەزم و دیسیپلین بوو و هەمیشە باسی لەوە دەکرد کە کوردستان ملکی هیچ هێزێکی تایبەت نییە و دەبێ پێکەوە کار بکەین.

لە بەشی دووەمی سێمینارەکەدا «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی پێشکەش کرد. «پەرویزی» لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە دوکتور «قاسملوو» بۆ نەتەوەکەی وەک ڕۆحی نەتەوەیی وایە کە هەمیشە زیندووە، حەماسەیەکە بۆ هەموو نەسڵەکانی دوای خۆی. ناوبراو باسی لەوە کرد کە دوکتور «قاسملوو» لە وڵاتێکی دەوڵەمەند لە فکر و ئەندێشەدا شەهید کرا کە ئەو وڵاتە خۆی دێموکراتیک بووە.

ناوبراو لەبارەی فکری دوکتور «قاسملوو» باسی لەوە کرد کە ئەو هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ بابەت و کێشەکان هەبوو.

بوێریی سیاسیی هەبوو، دژی خەباتی نەتەوەکانی دیکە هیچ بڕیارێکی نەدەدا. لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە «سەدام حوسێن»ـی مەحکووم کرد. دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی فەرهەنگناس بوو. ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ڕێبازی «قاسملوو» ئەمڕۆ لەلایەن لاوان و خەڵکی شۆڕشگێڕەوە درێژەی پێ دەدرێت.

# بەڕێوەچوونی سێمیناری ۲۲ی پووشپەڕ لە کۆیە




دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ۲۱ی پووشپەڕی ۱٤۰۰ی هەتاوی سێمینارێکی بۆ هەر یەک لە بەڕێزان د.میرۆ عەلیار جێگری بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزب و کاوە بەهرامی ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزب پێک هێنا. سەرەتای سێمینارەکە، کە تێیدا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر کۆڕگێڕان سەبارەت بە مژاری دیاریکراو بۆیان وتەکانیان پێشکەش کرد؛ یەکەم کۆڕگێڕ د.میرۆ عەلیار باسێکی لەژێر ناوی «بۆچی کۆماری ئیسلامی د.قاسملووی بە دوژمن دەزانی؟» پێشکەش کرد.

ناوبراو لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە نەسڵی نوێی شۆڕش دەبێ بە وردی کەسایەتی و ئایدیا و بۆچوونەکانی د.قاسملوو بناسن. پاشان باسی لەوە کرد کە لە ماوەی سکرتێریی د.قاسملوودا کە دەکاتە ۱۸ ساڵ، ناوبراو کۆمەڵێک پرەنسیپی چەسپاند کە هەتا ئەمڕۆش بوونەتە هۆی لەسەرپێ مانەوەی حیزب و بزووتنەوە؛ لەوانەش تیئۆریزەکردنی دروشمی خودموختاری وەک ویستی خەڵکی کوردستان، جێخستنی پێوەر و پرەنسیپەکانی دێموکراسی و نەهادینەکردنیان لە نێو حیزب، هێنانەئارای سووسیالیزمی دێموکراتیک و ڕزگارکردنی حیزب لەژێر نفووزی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی توده، دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب و ...

ناوبراو وێڕای ئاوڕدانەوە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ و وێناکردنی بارودۆخی ئەو کات، باسی لە تایبەتمەندییە کەسێتیی و فکرییە بەرزەکانی د.قاسملوو کرد و وتی: کۆماری ئیسلامی بەپێی سرشتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو سیاسەت و پرەنسیپ و بەها دێموکراتیک و ئازادیخوازانەی کە د.قاسملوو نوێنەرایەتی دەکرد دژایەتی ڕەهای کرد.

لە کۆتایی قسەکانیشیدا باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی بە پیلانداڕێژی بۆ تێرۆری د.قاسملوو بەتەمای ئەوە بوو کە بە نەمانی دوکتور، کۆتایی دەهێنێ بە تەمەنی حیزبی دێموکرات و پرسی نەتەوەیی لە ئێران و کوردستانی ئێران هەر بۆیە ئەوی وەک دوژمن دەبینی و شەهیدی کرد. لە بڕگەی دووهەمدا بەڕێز کاوە بەهرامی ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزب و بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسەکەی خۆی سەبارەت بە گۆشەنیگای د.قاسملوو لەسەر خەباتی چەکداری خستە بەرباس و تێیدا باسی لە بیرکردنەوەکانی د.قاسملوو بەنیسبەت خەبات کرد و وتی: کاک دوکتور هەموو تەمەنی سیاسیی خۆی تەرخان کرد بۆ خەبات و بیرکردنەوە لە خەبات. تەنانەت ئەو کاتانەش کە سەرقاڵی پشووی ڕۆژانە بووە چاوی لە ئەزموونی خەباتی گەلانی چەوساوەی دیکەی جیهان دەکرد تا بتوانێ لەم ڕێگەیەوە باشترین مێتۆد بۆ خەباتی نەتەوەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

وتیشی: شێوەی ڕوانین و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەباتی سیاسی کورد و جوغرافیای کوردستان و هەوڵدانیان بۆ سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان کە لە مێژوودا تۆمار کراوە، وای کرد کە د.قاسملوو هیچ ڕێگەیەک جگە لە خەباتی چەکدارانە نەبینێتەوە کە ساڵانی دواتر ئەم ڕاستییە لای هەموو ئەو کەسانەی لۆمەی خەباتی چەکدارییان لە کوردستان دەکرد، دەرکەوت.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا بەهرامی باسی لە وتەیەکی د.قاسملوو کرد کە دەڵێ: سێ فاکت بوونیان هەیە کە پێشمەرجی سەرکەوتنی گەلی کوردن؛ یەکەم سیاسەتی درووستی حیزبی دیموکرات، دووهەم پشتگیری خەڵک لە سیاسەتەکانی حیزب و سێهەم قارەمانەتی و ئازایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لەم ڕاستایەشدا د.قاسملوو بەشێکی بەرچاو لە ئیمکانات و تواناییەکانی حیزب تەرخان دەکات بۆ هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیددیتر بەرامبەر بە داگیرکەران؛ ئاماژەشی بە وتەیەکی د.قاسملوو لە گۆڤاری «فصلی در گل سرخ» کرد کە دەڵێ: ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد یان نوسینی چەند وتارێک لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێ! ئەو ڕێژیمە دەبێ لە ڕێگەی خەباتی توندوتیژ یان خەباتی پارتیزانی و مانگرتن و خۆپیشاندانەوە بڕووخێ.

لە کۆتاییشدا وتی: ئەوەی پێویستە بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕاستیدا وردبوونەوە لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی شەهید قاسملووە کە دەبێ وەک چرای ڕووناکیدەری ڕێگاکەمان کەڵکی لێوەربگرین.

## درێژەی پەیڤ

چەند ڕۆژە کە نەتەوەی عەرەبی ئەحوازی، لە تینوێتیدا گیان گەیشتۆتە گیانیان و هەموو قەیرانە کەڵەکەبوونەکان ڕایانپەڕاندوە و هاتۆتە سەر شەقام و هاواری مافەکانی دەکا، بەڵام دووبارە ڕێژیم خەریکی بڵاوکردنەوەی وەهمی مەترسیی لەتبوونی ئێرانە تاکوو ڕەوایی بە تاوان و کوشتارەکانی لە شارە عەرەبنشینەکان بدا. بەڵام ئەوەی بە کردەوە لە ئارادایە ئەوەیە کە خودی خامنەیی و دەسەڵاتە نگریسەکەی، ئێرانیان لەتوپەت کردووە. ئەم سیستمە کۆلۆنیالیستی-شۆڤێنیستیە، نانی لە کوردستان بڕیوە و ئاوی لە ئەحواز داخستوە و هەژاریی لە بەلووچستان چاندووە و هەناسەکێشانی لە تورکەمەنسەحرا قەدەغە کردووە و سووکایەتی بە هویەت و ناسنامەی تورکە ئازەریەکان دەکا و بە کردەیی خەریکی جیاکردنەوەی نەتەوەبندەستەکانە لە ئێران.

ئەوە نەتەوە بندەستەکان نین کە ئێران لەتوپەت دەکەن، بەڵکوو کردەوە و سیاسەتەکانی خامنەیی و باندە جەللاد و گەندەڵەکەیەتی کە نەتەوە بندەستەکان ناچار بە هەڵوێست دەکا و نەتەوەی فارسیش گەر دەیانەوێ لە ئێراندا بە ئازادی بژین دەبێ لە وەهم دەربێن و ڕاستیەکان ببینن، دەنا داهاتوو جۆرێکی دیکە شکڵ دەگرێ و ئەوان مەگەر بۆ سەدان ساڵی دیکە لە حەسرەتی ڕابردوودا بژین!

## چالاکیی تەبلیغی

# کوردستان لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو پەیمان نوێ دەکاتەوە






**لە ساڵیادی شەهیدکرانی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی قاسملوو بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆری تەبلیغی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی قاسملوو دەردەبڕن و پەیمان لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان نوێ دەکەنەوە؛ لێرەدا بەشێک لەم چالاکییانە دەخەینە بەر چاوی ئێوەی خۆشەویست:**

### پیرانشار:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕلایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی پوستێر و وێنەی دوکتور «قاسملوو»، لە شاری «پیرانشار» و لە شوێنەکانی سەیرانگای «گلۆێ»، «سەرچاوەی کانییەڕەش و هەروەها لە نزیک گوندی «لکبن»، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور «قاسملوو»، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لاوانی دێموکرات لە بناری «قەندیل»ی سەر بە منارەی پیرانشار، لە شارەدێی «پەسوێ لە شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕ بەشێک لە سروود و وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ڕێبەری بلیمەتی گەلەکەمان لە بڵندگۆی مزگەوتی جامیعە بڵاو کرایەوە.

لە شارەدێی «پەسوێ» لە وێستگەی بەرق، سەرقەبران، مزگەوتی جامیعە، قوتابخانەی کچان، تەوحیدی کوڕان، فارووقی ئەعزەم، شەقامی شۆڕا، عەلی حەیرانی، چوارڕای ئاشی، ساڵۆنی ورزشی، کوچەی تەوحید، نەخۆشخانە، تالاری ڕۆژ، شەهرەکی مەنگوڕان، دەوروبەری تێرمیناڵی شار و کەمەربەندی» چالاکیی بەڕێوە چووە. ئەو چالاکییە بوو بە جێگای سەرنجی خەڵکی «پەسوێ»، دوای ئەوە چڵکاوخۆرەکانی سەر بە ڕێژیم بەوپەڕی سەرسوڕماوی و دەستەوەستانی بەرقی مزگەوتەکەیان پچڕاند بۆ ئەوەی بەرماولێسیی خۆیان بۆ ڕێژیم بسەلمێنن.

هەروەها لە چالاکییەکی بێ وێنەدا لە شارەدێی «پەسوێ» سروودی «ئەی مامۆستای مەزن و زانا ئەی ڕێبەری ناوداری کورد»یان لەسەر بڵندگۆی مزگەوت بڵاو کردووەتەوە و « لە گوندەکانی «توژەڵە و قەرەخدر» چالاکییان بەڕێوە بردووە.

هاوکات لە «پیرانشار» لە زۆربەی شەقام، کۆڵان و مزگەوتەکانی ئەو شارە و لە گوندەکانی زەنگیاوێ، کوندرێ، خراپە، بەلەبان، دربکە و بەردەقەل وێنەی دوکتور «قاسملوو» بڵاو کراوەتەوە. ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەڕەشەیان لە جاش و خۆفرۆشەکانیش کردووە دەست لە خۆفرۆشی هەڵگرن دەنا سزا دەدرێن.

لە چالاکییەکی تردا لە «پیرانشار» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور «قاسملوو» و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی «جەماران» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ بەڕێوە چووە بریتین لە: :ڕێگای پیرانشار بۆ نەغەدە، ڕێگای پیرانشار بۆ سەردەشت، سێڕای سۆغانلو، مزگەوتی جامیعەی تازە و قەدیم. تۆمارکردنی باری کەسییەتی، گەڕەکی مام خەلیل، کۆنە خانێ، نوقتەی A، قوتابخانەی موتەهری» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

هەر بەو بۆنەوە لە شاری پیرانشار لە گوندەکانی ‹›گرڕەحمەت ، بێکۆس، هەنگەوێ، گرشەیتان›› بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی وێنەی دوکتور قاسملوو یادی ئەو ڕێبەرە نەمرەیان بەرز ڕاگرت.

### نەغەدە:

لە «نەغەدە» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە: «مزگەوتی حاجی خدر، پارکی موعەلیم، کۆڵانی نەخۆشخانە، فەلەکەی نەماز، کۆڵانی ٥٣ هێکتاری، فەلەکەی پیرانشار، قوتابخانەی موعەلیم، مزگەوتی مەلا خەلیل و تێرمیناڵ» چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چووە.

هەروەها ئەندامانی حیزب لە گوندی ‹›چەقەڵ مستەفا›› سەر بە شاری نەغەدە بە نووسینی دروشمی ‹›نەمان بۆ خامنەیی›› بێزاری و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی «گەڵوان» سەر بە شاری «نەغەدە»، چالاکیی بەرینی تەبلیغاتییان بەڕێوە بردووە. لەو چالاکییەدا تراکت و پۆستێری دوکتور «قاسملوو»، بڵاو کراوەتەوە. هەروەها درووشمی: «مەرگ بەر ئاخوند، بژی پێشمەرگە و «قاسملوو» لەسەر دیواری ماڵەکانی ئەو گوندە نووسرایەوە.

### سەقز:

ڕێکەوتی ٢٢ لەسەر ٢٣ی پووشپەڕ ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە شاری سەقز، بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٣٢هەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ناجوانمێرانەی ڕێبەری ناودار و بلیمەتی کورد دوکتور ‹›قاسملوو››ی نەمر چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹›تازاوا، حەماڵاوای ژووروو و حەماڵاوای خواروو، شارۆچکەی کوردستان و شارۆچکەی زاگرۆس، شارۆچکەی ئەنساری، شارۆچکەی موکریان، عەباس ئاوا، سەر چەم، مزگەوتی ئەمین، کتێبخانەی خاتوو ژیلا حسەینی، قوتابخانەی ئازادگان و شەقامی حەمامی سەعدی، شەقامی ڕوودەکی، بلواری حافز، بلواری شافعی و ٣٢ متری و حاجیاوا و گوندی مەلقەرەنی و کێوی جاقل ‹›.

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شارۆچکەی ساحیب سەر بە شاری سەقز لە کێوی کونە ورچ، دەوروبەری قەڵای ساحیب، شەقامی بەسیج، بلواری ئیمام، سەری چوارڕا و مزگەوتی جامیعەی ساحیب بەو بۆنەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

### شنۆ:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕلایەنگرانی حیزب لە گەڕەکی «مام تەمر»ی، «شنۆ»، بە نووسینی دروشمی «بژی دوکتور قاسملوو» و «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە «شنۆ» لە شوێنی حەماسەی سەروان «حاتەم دۆعاخان» قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە گەڕەکەکانی پشت مزگەوتی «جامیعە، سەلیم ئابادی سەرێ، ڕەحیم ئاباد، شەکرئاباد و کۆڵانی مامڵێ» و هەروەها لە گوندەکانی «کیسەڵاوێ و بێتریان» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ لە شەقامی ‹›کاریگەر، کۆڵانەکانی ئەمیرئاباد، گاوداران، مەدرەسەکانی حاج مستەفا تەنها، مەدرەسەی کوڕانەی ئەمیرئاباد›› یاد و ڕێبازی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

### سنە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە «ئاویەر»ی سنە و گوندی «بۆڕیەر» لە شوێنی شەهیدان «کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا وێنەی شەهیدان «سەرکەوت و کاوە» وێڕای گوڵ و جامەنە بڵاو کراوەتە و پەیمان لەگەڵ ڕێبازیان نوێ کراوەتەوە.

هەروەها لە گەڕەکەکانی «فەرەح، شاپوور، چوارباخ، شێخان، کانی کووزەڵە و عەباساوا» چالاکیی بەرینی تەبلیغی لەلایەن تێکۆشەررانی دیموکراتەوە بەڕێوە چوو.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «سنە»ی شۆڕشگێڕەوە بۆ چەندمین جار بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شوێنەکانی وەک: «عەباساوا، کانی کوزڵە، فەیزاوا، کەمەربەندیی ٢٥، نێو شێخان، گەڕەکی نایسەر و بەهارانی سنە» چالاکیی بەڕێوە چووە. هەروەها لە گوندی «مێراو» لاوانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ئاڵای کوردستان و ئاڵای شین و ئارمی حیزبیان هەڵ کردووە.

لە تەپکەی بەرانبەر ئاوایی، شاخی پشت ئاوایی بە ناوی «حوسێن خانی ڕەزاو»، شاخی سەختەڕێی لای ژوورینی ئاوایی بە ناوی سەختەڕێی «تاقەجان» کە شاڕێگای سەرجەم باخەکانی ئاواییە چالاکیی بەڕێوە چووە

هەروەها شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە ١٩ لەسەر ٢٠ی پووشپەڕ لە بڵندگۆی ئاوایی سروودی «ئەی مامۆستای مەزن و زنا»، پەخشانی «پووشپەڕی زام» و وتە بەنرخەکانی «دوکتور قاسملوو»یان بڵاو کردووەتەوە.

هەر لە «سنە» ئەندامانی و لاینگرانی چالاک و تێکۆشەری حیزب لە ناوچەی دێولان و لەیلاخ بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزن دوکتور «قاسملوو» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردوە.

ئەو شوێنانەی کار و چالاکی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە: «نێو شاری دێولان، گەڕەکی شافیعی، بلواری شافیعی، گەڕەکی ئابیدە، گەناوە، شەقامی حرفەیی، بلواری تەفریحیی دێولان، گەڕەکی سەخاوەت، دەورووبەری نیرووی ئینتزامیی دێولان، ئاواییەکانی باشماق، موارەک ئاوا، کانی پان، گەرکاوا و هەروەها جادەی سنە ـ دێولان.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە لە گوندەکانی ‹›گەلێن و دادانەی کەمانگەر›› بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور ‹›قاسملوو›› چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لەسەر درێژەدانی ڕێبازی ‹›قاسملوو›› پێداگرییان کردەوە.

### هەورامان:

لە «هەورامان» ڕۆڵەکانی دێموکرات بۆ ئەوەیکە بیسەلمێنن ئەوان لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو هەتا دوا هەناسە هەن لە شوێنەکانی وەک: ‹تەتە، ژاڵانە، دزڵی و بارام ئاوا» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

### داڵاهۆ:

لە «داڵاهۆ»ی کرماشان، قوتابییانی شەهید «خەلیل خەلەبان» بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە بەرزاییەکانی «داڵاهۆ» ئاڵا و ئارمی حیزبی دێموکراتیان هەڵ کرد.

### بانە:

لە «بانە»، لاوانی شۆڕشگێڕی ئاربابا بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی «قاسملوو» لە گەڕەکەکانی نێو شار، زانکۆ و گوندی «خاجامیر» و لە سلێمانبەگ بە بڵاوکردنەوەی پووستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغیی بەرینیان بەڕێوە برد.

### مەهاباد:

لە «مەهاباد» قوتابییانی «پێشەوا» لە گوندی «لەج، گابازەڵە و گوێکتەپە» وێنە و تراکتێکی زۆریان بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەڤەری «شامات» لە گوندەکانی «قولەسەن، بەفرەوان» و هەروەها ناوچەی شاروێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. لەو چالاکییەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو وێنە و پوستێرەکانی دوکتور «قاسملوو» بڵاو کراوەتەوە.

لە «مەهاباد» قارەمانانی دێموکرات لە گوندەکانی «ئیندرقاش، قومقەڵا، بەفرەوان و قولەسەن» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

لە شاری «مەهاباد»ی قارەمانەوە لاوانی دێموکرات لە گوندی «لەج، بەفرەوان، قوولەسەن، گەڕەکەکانی موکریان، فەرهەنگیان، ئازادگان، تەوانیر، باغی مکائیل و زرۆبەی گوندەکانی ناوچەی شاروێران» چالاکی ئەنجام دراوە.

هاوکات ئەندامانی تێکوشەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد لە گەڕەکەکانی: ‹›تەپەی قازی، شەهەرەک، بەهارستان، فەجر، مەلاجامی، کۆڵانەکانی جامی جەم، ئێران پەیما و قوتابخانەی نەبووەت›› بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

هەروەها لە گوندەکانی›› کۆسە کەرێز، گردیاقوب، کۆنەدێ، داشخانە و قەرەشلاخ›› سەر بە شاری مەهاباد ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی پێغەمبەری ئاشتییان بەرز ڕاگرت.

هەر بەو بۆنەوە ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە گوندی ‹›قزلقۆپی و ڕێگای نێوان قزلقۆپی و قەرەقشلاخ›› لە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکت و وێنەی دوکتور ‹›عەبدولڕەحمان قاسملوو››یان بڵاو کردووەتەوە و بە دوژمنانی گەلی کوردیان سەلماند کە ڕێبازی قاسملوو بۆ هەمیشە درێژەی هەیە.

تێکۆشەرانی دێموکرات ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕ، لە ناوچەی شاروێران لە گوندەکانی›› کێچاوا، گابازەڵە و قەرەداغ›› و هەروەها لە نێوان ڕێگای ئەو گوندانە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

### بۆکان:

ئە ندامان و هەوادارانی حیزبی دێموکرات لە شاری «بوکان» ١ هەزار و ٢٥٠ وێنەی دوکتور «قاسملوو»یان چاپ کردووە و لەنێو شاری «بۆکان»دا بڵاویان کردووەتەوە.

لە «بۆکان» لاوانی شۆڕشگێڕ لە گوندی «میراوا، کۆسە، ڕێگای بەردە زەرد، پردی تازە، چوارڕای ئەسکەندەری، شەقامی ساحیلی، بازاری دۆلارفرۆشان، ناوچەی ئەحمەدی کۆر، جادەکانی ئەسپۆغە، ئالێکەند، هەباساوا، عەنبار، گردی قەبران، ئەمیرئاباد، حەمامیان ناوچەی پیرمحەممەد، داربەسەر، مەحموداوا، تابلۆی ڕێگاکانی جەمۆغە، سەیداوا، قەرەڵی، حاشیاباد، کۆکە،چواردیوار، پاشبڵاغ، ناوچەی تورجان، جادەی سەیاحەتیی خوڵامالی، نزیک پردی خوڵامالی، قزڵ گوممەت، دەروێشان، تابلۆی جادەی ئاواییەکانی قەرەگوێز و شاریکەند و لە شارەدێی «ڕەحیم خان»» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی کار و چالاکییەکانیاندا بەبۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری بلیمەت و ناوداری گەلی کورد دوکتور ‹›عەبدولڕەحمان قاسملوو›› و هاوڕێیانی، لە ناوچەی «ئاڵەشین»ـی بۆکان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، یاد و ناوی دوکتور «قاسملوو»یان بەرز ڕاگرت.

ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕ، ئەندامانی تێکۆشەری دێموکرات لە گوندی ‹›برایم ئاوا›› لە ناوچەی ئاڵەشین بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور ‹›قاسملوو›› بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت ئەو ڕۆژەیان بەرز نرخاند.

### مەریوان:

ئەندامانی دڵسۆزی حیزب بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزن دوکتور «قاسملوو» لە ناوچەی «مەریوان» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەو شوێنانەی کار و چالاکی تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە: «شارەدێ نێ، قوتابخانەی سەرەتایی نێ، فەلەکەی قاسملووی شارەدێی نێ، دەروازەی چوونەژوورەوەی شارەدێی نێ، بەشێک لە کۆڵانەکانی نێو شارەدێی نێ.

هەر بەو بۆنەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرشیوی مەریوان لە گوندەکانی ‹›تۆراخ تەپە، گۆگجە، ڕێگای نێوان قەمچیان بۆ تۆراخ تەپە و سێ ڕەوان›› تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ، تێکۆشەرانی دێموکرات لە پارکی میللەتی شاری مەریوان لە چالاکییەکی تەبلیغیدا بە دەیان تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردەوە و یادی دوکتور ‹›قاسملوو››یان بەرز نرخاند.

### ورمێ:

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ورمێ لە گوندی ‹›سیدان›› سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆست و گوندی «ئەنبێ» بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم یادی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

هەروەها لە شارەکانی ئیلام، دیواندەرە، ناوچەی هەوشار و سایەنقەڵا، گوندی نییەر و تەنگیسەر، جوانرۆ و سەوڵاوا، سەلاسی باوەجانی، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانی وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان نیشان دا.

# بەڕێوەبەری، لە تیئۆرییەوە بۆ کردەوە



عەبدوڵڵا حیجاب

دۆستە بیانییەکانی دوکتور قاسملوو، ئەویان بە پەیامهێنەری ئاشتی ناو دەهێنا. لایەنگرانی، ئەو بە ماموستا، ڕێبەر و ڕێگاپێشاندەریان دەزانن. لە کوردستان ئەو بە سەمبولی مافخوازی و پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی ناوبانگی دەرکردووە. ڕەخنەگرانی لۆمەی لێ دەکەن کە لە چارەسەریی هێندێك گرفتی سیاسیدا تووشی ئالنگاری بوو. ڕەقیبەکانی ئێرەیی پێ دەبەن. دوژمن ئەوی بە گەورەترین مەترسی بۆ خۆی دەزانی بەڵام هەموویان لە یەك بۆچووندا هاوڕان، ئەویش ئەوەیە کە شوێن پەنجە و کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ترۆپکدایە!

ئەو کاریگەرییە نەتەنیا بە شەهیدبوونی لاواز نەبوو بەڵکوو هێزێکی نوێ و ئیلهامی هەم بە حیزبی دێموکرات و هەم بە هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی و تەنانەت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیشی تێپەڕاند و وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیکی کورد کەوتە لاپەڕەکانی مێژووەوە.

یەکەم جار د. قاسملووم لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ لە زانکۆی حیزب، کە لەو سەردەمەدا بە «فێرگەی سیاسی نیزامی» حیزب دەگوترا و لە گەلاڵەی باشووری کوردستان جێگیر ببوو بینی. ئەو بۆ گوتنی وانەی سیاسی بۆ کادرە تازەکانی حیزب سەردانی کردبووین و بۆ ماوەیەکی کورت لە گەڵمان بوو. هەر ئەو ماوە کورتە بەس بوو تا هەست بە کاریزمابوون و جێگە و پێگەی د.قاسملوو بکەی و لە دەوری ئەو بۆ دانی هیوا و گەشبینی بۆ داهاتوویەکی باشتر تێبگەی.

بۆ من و هاوپۆلەکانم کە کورتەدەمێك بوو بووینە پێشمەرگە و ئاواتمان بوو ڕۆژێك ڕێبەرە پلەبەرزەکانی حیزب ببینین، چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی سکرتێری گشتی هەیەجانێکی دیکەی هەبوو. پێمان وابوو پاش ئەو دیدارە ئیدی هەموومان پلەیەکی گرینگی قۆناغی ژیانی سیاسیمان تێپەڕ کردووە و بووین بە حیزبی و کادری سیاسی.

بە دووری نازانم هەر هەمان هەست بۆ کەسانی دیکەش کە لە شوێن و چوارچێوە و دەرفەتی جیاوازدا لەگەڵ د. قاسملوو ئاشنا بووبن دروست بووبێ، تەنانەت ئەو کەسانەش کە هاوبیری نەبوون. دوکتور قاسملوو هەڵسوکەوتی ئاسایی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەگەڵ پسپۆڕیی سیاسی، زانیاری گشتی، شارەزایی لە مێژوو، ئابووری، وێژە، کولتوور و ئەزموونی بەڕێوەبەری لە ئاستی هەرەبەرزدا ئاوێتە دەکرد و دەیتوانی لە یەکەم دیداردا لە لای گوێگر و لایەنی ئاخاوتنی خۆی هێژمۆنییەکی تێکەڵاو لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی دروست بکات. ئەو هەروەها کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو کە زۆر زوو دەیتوانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی حیزب و ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ.

ئەو کاریگەرییە بەر لەوەی تایبەتمەندی ئەو بێ، ببووە دیاردە و لە هەموو شوێن و لە هەموو چوارچێوەیەکدا باڵی بە سەر دانوستانەکانی د.قاسملوو لەگەڵ دەورووبەرەکانیدا دەکێشا. هۆکاری بەردەوامیی کاریزما و هێژمۆنی ئەو ئێستا دەیان ساڵ پاش تیرۆری لەلایەن مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامیشەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو «دیاردەیە»؛ بۆیە بە تێپەڕبوونی کات لە بیر ناچێتەوە، تەنانەت ساڵ بۆ ساڵ بەهێزتر دەبێ، پەلوپۆ داوێ و دەبێتە هاندەرێکی بەهێزی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەکرێ لە زۆر بوارەوە کاریگەری و دەوری د.قاسملوو لە سیاسەتی کوردیدا لێك بدرێتەوە، ڕاڤە و شیکاری بکرێ، بە چاوی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگێندرێ و ئەزموونەکانی بکرێتە وانە بۆ گەشاندنەوەی خەبات.

بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات، دەرهێنانی ئەو حیزبە لەژێر کاریگەری و سێبەری دوو هێزی خاوەن ئۆتۆریتە لە ساڵەکانی ٣٠ و ٤٠ی هەتاوی (٥٠ و ٦٠ی زایینی)؛ یەکێکیان هێزێکی ئێرانی و ئەوی دیکەیان هێزێکی کورد، پەیداکردنی دەیان دۆست و خەمخۆر بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا، لە ئاستی نێونەتەوەییدا مەشرووعیەتدان بە خەباتی چەکدارانەی کورد لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی پێوەندیی دروست، سەربەخۆ و بە بێ بەستراوەیی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی دژایەتیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئامادەبوون یارمەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و دیپلۆماسییەك لە سەر بنەمای پێوانە ئەخلاقییەکان بەشێك لەو هەنگاوە سەرکەوتووانە بوون کە د.قاسملوو و تیمی بەڕێوەبەرانی سیاسی یارمەتیدەر و هاوکاری ئەو ئەنجامیان دا. لەبەرامبەریشدا کۆمەڵەپرسێکی سیاسی و نێوخۆیی ڕێکخراو بۆ د.قاسملوو ئالنگاری بوون کە ڕەنگە ئەگەر بۆ خۆی دەرفەتی بوایە، پێداچوونەوەی پێدا کردبان و بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردبان. چونکە گۆڕان، فێربوون لە ئەزموونەکان و پێشکەوتنیش لەو تایبەتمەندییانە بوون کە د.قاسملوو لە ماوەی ژیانی کورت بەڵام پڕبەرهەمیدا شوێنگریان بوو و ئەنجامی دەدان. بۆ ئەو، کردەوە لە هەوو بوارەکاندا پێوان بوو و ئەو پێوانە لە پرسی بەڕێوەبەریدا گرینگتر و بەهەیبەتتریش خۆی دەنواند.

بەڕێوەبردنی حیزبێك، بزووتنەوەیەك، کۆمەڵگایەك، وڵاتێك یا تەنانەت ناوەندێك، دایرەیەك، کارگەیەك و کۆگایەکی بچووکیش وێڕای پێشەنگی بەتوانا، پێویستی بە هونەری بەشداری پێکردن، پڕەنسیپی دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵات و متمانە پێکردن هەیە تا دەسەڵات لە دەستی یەك کەسدا کۆ نەبێتەوە. لەو سۆنگەیەوە پرسی بەڕێوەبەریی «کۆ» بۆ د.قاسملوو گرینگ بوو و ئەو زۆر هەوڵی دەدا تا بزووتنەوەی کورد لە بەستراوەبوون بە یەك کەسەوە دوور بخاتەوە و ئەو هزرە لە نێو کۆمەڵگا و حیزبی دێموکراتدا جێ بخات کە دەوری تاك، چەندەش گرینگ بێ بۆ بەردەوامی پێدان بە ژیانی سیاسی ڕێکخراوێك نابێ تاکانە و چارەنووسساز بێ.

ئەو ڕوانگەیە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی زانستیی ڕوو لە پێشەڕۆژە کە پرسی بەڕێوەبەری دەخاتە چوارچێوەیەکی هاوچەرخ و دێموکراتیکدا؛ بۆیە بەردەوامی پێدان بەو هزرە و پێداگری لە سەر ئەو ڕوانگەیە پڕەنسیپێکی سیاسی گرینگە کە دەبێ بەردەوام گەشەی پێ بدرێ، ساز بکرێ و بپارێزرێ واتە تەنیا ڕاگەیاندنی وەفاداری بەو پڕەنسیپە ناتوانێ ئەو هێما گرینگە بپارێزێ. ئەو هێمایە دەبێ بەپێی سەردەم، خۆی لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێ، خۆی نوێ بکاتەوە، بەخۆیدا بچێتەوە، خۆی بگۆڕێ و بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ. بەپێی پێشکەوتنەکانی زانست و تێکنۆلۆژیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێ و هەر بەو پێیەش پێویستیی گۆڕان و نوێکاری سەر هەڵدەدا. مودێلێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەری، بەڕێوەبەرییەکی سەرکەوتوو یان تیئۆرییەکی گونجاو کە یەك دوو دەیە کارا، بەرهەمدار و خوڵقێنەرە، ئەگەر خۆی نوێ نەکاتەوە، خۆی نەگۆڕێ و گەشە نەکات، دەتوانێ ببێتە لەمپەری پێشکەوتن و بە بێ ئەوەی بەرپرسان بۆ خۆیان پێی لێ بنێن ڕێکخراوەکەی تووشی ڕاوەستان یان داگەڕان دەکات، بۆیە هەر بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە سەردەمی ئێستادا، بە بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی ڕێکخستن، قەوارە، گەورەیی و بچووکی و هتد پێویستی بە نوێکردنەوە، پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندن و داڕشتنەوەی نوێ هەیە.

د.قاسملوو جارێکیان لە وڵامی مام جەلالدا کە لە زمان کاك عەبدوڵڵا موهتەدی و ڕێبەرانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەدا پێی گوتبوو «کۆمەڵەی ئێستا بڕوای بە هەمان تیئۆرییە کە خودی ئەو لە کتێبی کورد و کوردستانیدا وەفاداری خۆی بۆ دەربڕیوە، کەوابوو بۆچی ئەو ڕوانگە سیاسییەکانی کۆمەڵە قبووڵ ناکا؟» گوتبووی: «منیش ئەودەم وەکوو ئێستای ئەوان وابووم».

د. قاسملوو زۆر جار ئەو باسەی وەکوو نموونەیەك بۆ پێویستیی گۆڕانی بەردەوام و وازهێنان لەو ڕوانگە و تیئۆرییانەی کە لە بەردەوامی ڕەوتی مێژوودا بۆ ئامانجە بنەڕەتییەکانیان دەبنە لەمپەڕ بە کار دەهێنا، مەبەستی لەو قسەیە ئەوە بوو کە ئێستا گۆڕانم بە سەردا هاتووە و بە هەڵسەنگاندنی تێز و تیئۆرییەکانی ڕابردوو، ڕێبازێکی دیکەم هەڵبژاردووە.

یەکێك لە کاراکتێرە هەرەگرینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەرکەوتوو کەڵکوەرگرتن لە توانایییە مرۆڤییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانە. ئامانج دەبێ بەپێی پێوان و پڕەنسیپە داڕێژراوەکان دیاری بکرێ، ڕاگەیەندرێ، بناسێندرێ و بە شێوەی تیمی کاری بۆ بکرێ تا دەبێتە ئامانجی هاوبەش.

لەو پێوەندییەدا متمانەی دوولایەنە دەوری بنچینەیی دەگێڕێ بۆیە دەبێ لە ڕەوتی دیاریکردنی ئامانجدا، وێڕای داڕشتنی بەرنامە بۆ گەیشتن بە ئامانج، زەمینە و دەرفەت بۆ بەشداریی بەرفراوانی هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانیش بڕەخسێندرێ، جا ئەو لایەنە لە چوارچێوەی خودی ڕێکخراودا دەبێ یان لە ژینگەی دەورووبەری؟ ئەوەش ئەرکی بەڕێوەبەرە کە زەمینە بۆ ئەو کارە خۆش بکات.

پێوەندی لە سەر بنەمای ڕێزلێنان، ڕاشکاوی، دانپێدانان و هاندان، سپاردنی بەرپرسایەتی، دانی وزەی ئەرێنی و بەهێزکردنی حەزی بەشداریکردن و لەبەرچاوگرتنی دەوری تاکەکان لە ڕەوتی بەڕێوەبەریدا بەردی بناغەی سەرکەوتنی بەڕێوەبەریی هاوچەرخن. هەر ئەو پێوانانەشن کە متمانەی دوولایەنە بەهێز دەکەن، متمانەبەخۆبوون دەخوڵقێنن و شەپۆلی پێشکەوتن و نوێکاری وەڕێ دەخەن. لەو ڕەوتەدا بەڕێوەبەرێك کە بتوانێ ئاریشە و گرفتە پڕەهەندەکان چارەسە بکات، لە لەمپەربوونیان کەم بکاتەوە، هێوری دروست بکات و ڕووناکایی بخوڵقێنێ بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەوە لە بەڕێوەبەریی نوێدا ئەوە هەمیشە تیئۆری «کارایی» و «چالاکبوونی» ڕێکخراو لە ڕوانگەی ماکس وێبێرەوە نییە کە پێشکەوتن و سەرکەوتن دەخوڵقێنێ.

هەرچەند بیرۆکەی برۆکراسی وێبێر کە گرینگی بە شێوەی «هێرەمی یان سێکوچکەیی» ڕێکخستن بە بەڕێوەبەرێکی بەهێز لە ترۆپکی ڕێکخراودا دەدا و پێی وایە کە هەموو هەڵسوکەوتەکان دەبێ بە بەڵگە و بەپێی پێوان و قەراری نووسراوە و لە چوارچێوەی دیاریکراودا بن و هەمیشە میکانیزمی کۆنترۆڵ و ڕاپۆرتدان لە نێو ڕێکخستن و کاری بەڕێوەبەریدا کارا بێ ئێستاش هەر قورسایی خۆی هەیە. کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبەریی سەردەمیانە گرینگی بە کاری تیمی، تێگەیشتن و تێگەیاندن، زوڵاڵی، بەشداریکردن و پێوەندی دوولایەنە دەدات و دەوری بەڕێوەبەر زیاتر وەکوو ڕێکخەرێك دەنوێنێ کە دەبێتە وێنای فەرهەنگی ڕێکخراوەیی.

لەو ڕوانگەیەوە ئێستا زیاتر گرینگی بە کاراکتێری بەڕێوەبەری و دەوری کەس و کەسانی بەڕێوەبەر دەدرێ تا شەخسی بەڕێوەبەر.

ئەو کاراکتێرانە گشتگیرن و پێکەوە جەوهەری بەڕێوەبەری سەرکەوتوو دەخوڵقێنن.

لە بەردەوامیی فەرهەنگسازیی ڕێکخراوەییدا کە د.قاسملوو گرینگی زۆری پێ دەدا، ئێستا بزووتنەوەی کورد و بەتایبەت حیزبی دێموکرات پێویستی زۆری بەو مودێلەی بەڕێوەبەری هەیە.

بێجگە لە دەوری بەڕێوەبەر وەکوو وێنا و سەمبولێکی پێشەنگ کە دەبێ لە هەموو بوارێکەوە ئیلهامدەری دەورووبەری خۆی بێ، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە دوورەدیمەنێك بخوڵقێنێ تا ئەندامانی ڕێکخراو یا دایرەی ژێربەڕێوەبەرایەتی ئەو، ئامانجەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەو دوورەدیمەنە دەتوانێ وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب لە سەردەمی د.قاسملوودا کۆمەڵگایەکی نموونەیی بێ کە پێشتر ئەو بە کۆمەڵگای سۆسیالیستی و دواتریش بە سۆسیالیستیی دێمۆکراتیك بە ناوی دەکرد.

یا دەتوانێ کۆمەڵێك پێوان و نۆرمی دڵخواز بن کە هیوایەك بەو کەسانەی لەو چوارچێوەیەدا کار دەکەن دەدات تا بەردەوام لە هەوڵی گەشەکردن و پێشکەوتندا بن. ئەو ئامانجە چەندە ئۆتۆپیك و دوورەدەست بێ، ئەوەندە بۆ ڕێکخراو و کەسی بەڕێوەبەر سەرئێشە و ئاریشەخوڵقێنە. بەپێچەوانەوە وەها دوورەدیمەنێك چەندە مومکین بێتە بەرچاو و لەگەڵ ویست و حەزەکانی ئەندامان و پێڕەوانی کەسایەتی بەڕێوەبەر و ڕێکخراو یا ئەو یەکینەیەی ئەو بەڕێوەی دەبات بگونجێ، ئەوەندە حەز بۆ هەرەوەزی گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانج و حەزی هاوبەش بۆ دابەشکردنی ئەرك و دژوارییەکان زیاتر دەبێ.

متمانەش کاراکتێرێکی دیکە و گرینگی بەڕێوەبەری سەرکەوتووە. هەرچەند متمانە بەرفراوانتر و دوولایەنەتر بێ، ئەوەندە کارئاسانی و ئیمکانی سەرکەوتنی بەڕێوەبەر زیاتر دەبێ بەڵام بۆ وەدەستهێنانی متمانە، کاری بەردەوام، نەپساوە و سیستماتیك پێویستە کە لە ڕێگای گوێڕاگرتن، دانوستانی پڕاوپڕ لە ڕێز و بەرزکردنەوەی لایەنی بەرامبەر و بەشداری پێکردنی زۆربەوە بە ئەنجام دەگات. سەرچاوەی متمانە، بڕوا بە جەوهەری نرخداری مرۆڤایەتییە کە بە دوور لە ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین و هتد ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرێ و لەسەر بنەمای متمانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات تا ڕێگای خۆشبەختی و ژیانی باشتری بۆ بکاتەوە.

بۆ وەدەستهێنانی متمانە و خوڵقاندنی ژینگەیەك کە مرۆڤ تێیدا هەست بە بەنرخبوونی خۆی بکا و لەبەرامبەر دەورووبەرییەکانیدا بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێ هاوتەریب لەگەڵ پشتیوانیکردن لە توانایییەکانی هەر تاکێك، دەبێ حیساب لە سەر هێزی یەکگرتووی «کۆ»ش بکرێ؛ واتە هەم تاکەکان ببیندرێن و هەم هەستی بەرپرسایەتی «کۆ» بەرز بکرێتەوە. لە هەر شوێنێکیش کە پێویستی بە گۆڕین و چاکسازی بوو لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی بابەتییانە و ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی چاککەرەوەوە هەنگاوی پێویست بهاوێژرێ. لەو ڕەوتەدا دەوری ڕوانگەی جیاواز و تەنانەت ڕای جیاوازیش زۆر گرینگە، چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتن.

بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو نەتەنیا لەبەر ڕەخنە و ڕای جیاواز هەڵ نایە، بەڵکوو هێزی لێوەردەگرێ، بە کاری دێنێ و ئاستەنگە نەدیارەکانی سەر ڕێگای ئامانجی هاوبەشی پێ دەبینێتەوە و چارەسەریان دەکا.

زۆربەی بەڕێوەبەران و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە حاڵی گەشەکردنی بەردەوامدان بەشێوەی سیستماتیك گرینگی بە ڕەخنەی چاککەرەوە دەدەن و بۆ دەستنیشانکردنی لاوازییەکان و پلانسازی گۆڕانکاریی نوێ بە کاری دێنن. سەرکەوتووترین ڕوانگەی ڕەخنەگرانە دەستنیشانکردنی هێز یان توانایییەکان، لاوازییەکان، دەرفەتەکان و مەترسی یا هەڕەشەکانە کە ساڵانێکە وەکوو یەکێك لە مۆدێلە جێکەوتوو و ناسراوەکانی شرۆڤەی ڕەوشی ڕێکخراو یا دەزگایەکی بەڕێوەبەری بەکار دێ و ڕێبەرە سەرکەوتووەکان بە بەردەوامی کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەو مۆدێلە بۆ دەستنیشانکردنی گرینگترین فاکتۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کاریگەر لە سەر کار و هەبوونی ڕێکخراو یان سیستم بەکار دەبرێ و لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدرێ پاش دەستنیشانکردنی لاوازی و هەڕەشەکان یا لەمپەرەکانی سەر ڕێگای گەشەکردن، بە بەهێزترکردنی دەرفەت و توانایییەکان ڕێگای گەیشتن بە ئامانج کورتتر و کەمهەزینەتر بکرێ.


بەڕێوەبەری و کاری ڕێکخراوەیی لە جیهانی مودێرندا بۆ کارابوون و خێراترکردنی ڕەوتی گەیشتنی مرۆڤ بە خۆشی یان دڵخۆشی و ڕیفاهە. ئەو دڵخۆشییە هاوتەریب لەگەڵ لایەنی دەروونی، ژیانێکی خۆش، ئارام و ژینگەیەکی تەندروستیش دەگرێتەوە کە دەکرێ چەمکی خۆشژینی بۆ بەکار بهێندرێ.

ئەرەستوو بۆ ئەو خۆشژینییە چەمکی یوودایموونیا (Eudaimonia)ی بە کار هێناوە و پێی وابوو ئامانجی هەموو مرۆڤێك ئەوەیە بە یوودایموون یا بە قۆناغێك لە ژیان بگات کە خۆشی لە دەرفەتەکانی ژیان ببینێ. ئەو دەرفەتانە شێوەی کار، خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، ڕێکخراوەیی، تاکەکەسی، بەرهەمهێنانی زیاتر، خزمەتگوزاری باشتر و بەکورتی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە.

ئەگەر د.قاسملوو لە گەیاندنی ئەندامانی کۆمەڵگا و حیزبەکەی خۆیدا بە ژیانێکی ئاسوودە، ئازاد و پڕ لە خۆشی و ڕیفاهدا سەرکەوتوو نەبوو، لانیکەم بەردی بناغەی ڕێبازێکی دانا کە لەو پێناوەدا تێدەکۆشێ بۆیە ئێستا ناو و ڕێبازی ئەو لەگەڵ چارەنووسی نەتەوەکەی ئاوێتە بووە و لەگەڵی دەژی، پێش دەکەوێ، هەڵسوکەوت دەکا و خۆی دەنوێنێ. ئەو بەکردەوە بەڕێوەبەر بوو، لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیدا سەری دانا و پێی وابوو کە «گەلێك ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا». بە کردەوە بۆ خۆشی نرخی خەبات بۆ ئازادیی دا و ئاساییشە کە هەتاهەتایە لەگەڵ هیواکانی ئازادی و بڕواکانی نەتەوەکەی بۆ ئازادی بژی.

یاد و ناوی د. قاسملوو بەرز و نەمر.

# دوو هێڵی گشتی
# لە میراتە هزرییەکانی دوکتور قاسملوودا



ئارش ساڵح

کاتێک باس لەوە دەکرێت کە میراتە هزرییەکانی دوکتور قاسملوو چین و چۆن دەتوانن لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ئەمڕۆی گەلەکەمان کاریگەر بن، ئامانج ئەوەیە کە بە دۆزینەوەی هێڵە سەرەکییەکانی هزری دوکتور قاسملوو هەوڵ بدەین ئەو هێڵانە بە ئەدەبیاتی سیاسی ئەم سەردەمە و لە چوارچێوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئێستادا بخوێنینەوە.

لەم وتارە هەوڵ دەدرێت سەرەتا وەکوو پێشەکی بە کورتی بەو پرسیارە وڵام بدرێتەوە کە بۆچی پێویستە ئەو کارە بکەین و بۆچی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هزری دوکتور قاسملوو و پاشان دوو توخمی گەڕانەوەی عاملیەت یان ئەیجەنسی بۆ نەتەوەی کورد و هەروەها ئاراستەکردنی ئەو ئەیجەنسییە بۆ لەناوبردنی نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان وەک دوو هێڵی سەرەکی هزری دوکتور قاسملوو دەخرێنە بەر چاو.

لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دوکتور قاسملوو یەکەمین هەنگاوی هاویشتووە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی سیاسی تۆکمە پێک بێنێت.

ئەو پلاتفۆرمە سیاسییە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات لە سەر سیاسەت و شێوازی ئیعماڵی دەسەڵات، ئابووری و شێوازی ڕێکخستنی ئابووریی کۆمەڵگا و هەروەها کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە.

تا پێش ئەوە حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا نەیتوانیوە خاوەنی ئاوا پلاتفۆرمێکی ڕوون بن.

ئەم پلاتفۆرمە هەم توانیویەتی -هەر وەک کە خودی دوکتور قاسملوو باس دەکات- ڕوانگەی حیزبی دێموکرات و خواستەکانی بۆ دنیای دەرەوە بە ڕوونی پیشان بدات و هەم ئەوەی کە بنەمایەکی هاوبەشی بۆ هەموو ئەو کەسانە پێک هێناوە کە دەبن بە ئەندامی ئەو حیزبە و لە دەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە؛ بۆیە پلاتفۆرمێک کە لە کاتی دوکتور قاسملوودا و بە هەوڵی ئەو لە لایەن حیزبەوە و بە ناوی سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەسەند کراوە وێڕای پێکهاتە و کەلتووری ڕێکخراوەیی و ئەندامان، ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە ئینسیجامپێدان، شوناسبەخشین و چییەتی حیزبی دێموکراتدا.

گرینگی ئەم پلاتفۆرمە هەڵگری دوو پێویستییە: یەکەم ئەوەی کە ئەو پلاتفۆرمە پێویستە وەکوو کۆڵەکەیەکی سەرەکی شوناسبەخش و واتابەخش کە هەموو ئەندامانی حیزب بەشێوەی ناوکاتی و هاوکاتی پێکەوە گرێ دەدات لە ڕۆڵگێڕانی میحوەری خۆی بەردەوام بێت؛ دووهەم لەهەر کات و ساتێکدا دەبێ خوێندنەوەی پێوەندیدار بەو سەردەمە لەو پلاتفۆرمە بکرێت و هەوڵ بدرێت خوێندنەوەی حیزب و ئەندامان بە نیسبەت هێڵە گشتییەکانی ئەو پلاتفۆرمە بەڕۆژ و مونسەجێم بکرێتەوە بۆ ئەوەی پێش لە پەرتەوازەیی فیکری و تەشکیلاتی ئەندامان بگیردرێت.

دیارە خودی ئەو خوێندنەوانە مەودا ساز دەکەن بۆ گۆڕانکاری قووڵتر لەو پلاتفۆرمە و لە درێژخایەندا.

یەکەمین چەمکی سەرەکی لە هزری دوکتور قاسملوودا گەڕانەوەی ئەیجەنسی یان عاملیەتە بۆ نەتەوەی کورد.

کێشەی کورد لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوودا لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلی کورد بە شێوازێکی سیستماتیک ئەو عاملیەتەی لێ زەوت کراوە کە بتوانێت بۆ داهاتووی خۆی و بەپێی شێوازی ژیانی خۆی بڕیار بدات و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات. هەر بۆیە لە کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم لە سێهەمین لاپەڕەی باسەکەدا دەڵێت کە «نێوەڕۆکی ئەم مەسەلەیە لەڕاستیدا ئەستاندنی مافی دانانی چارەنووسە». پاشان لە درێژەدا سێ شێوازی گەیشتن بەو مافە کە بریتین لە سەربەخۆیی، حکوومەتی فێدراڵ و پاشان خودموختاری پێناسە دەکات.

دوکتور قاسملوو لە پێناسەکردنی خودموختاری کە بە شێوازی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران پێناسەی دەکات بە هیچ شێوە باس لەوە ناکات کە خودموختاری پردێکە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

هەروەها لە پێناسەکردنی ئەو سێ شێوازە قۆناخبەندی یان بەهادانێکی تایبەت ناکات کە یەکێکیان لە سەرەوەی دوو شێوازی تر بێت.

بۆیە پرسیار ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە مافی دانانی چارەنووس لە شێوازی سەربەخۆییدا دەتوانێت بە شێوازێکی ڕەهاتر لە شێوازی خودموختاری دیاری بکرێت بەڵام بۆچی دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدایە کە ئەم مافە لە چوارچێوەی ئێراندا و بە شێوازی خودموختاری چارەسەر دەبێت؟

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو گەرەنتییەی کە نەتەوەیەک پێویستییەتی بۆ بەردەوامبوونی تەواویەتی کەلتووری و شەئنیەتی خۆی و هەروەها ئەو ئیمکاناتەی کە لەبەردەستی دەبن بۆ پێشکەوتنی هزری، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا، بە شێوازێکی بەرچاو مسۆگەرترن بەڵام دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەوە هێشتا پێی وایە کە خودموختاری دەتوانێت گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانجی «مافی دانانی چارەنووس» نزیک بکاتەوە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە دوو یەکەی سەربەخۆ و خودموختار بە نیسبەت ڕێژەی سەربەخۆیی لە بڕیاردانیان لەگەڵ یەک بەراورد بکەین. هەرکام لەم دوو یەکەیە لە چوارچێوەیەکی حقوقی-سیاسیدا ژیان دەکەن کە کۆمەڵێک ماف و کۆمەڵێک تەعەهود بۆیان ساز دەکات کە ئازادی بڕیاردانی ئەوان بە شێوەی سەربەخۆ و بە بێ گوێدان بەو کۆمەڵگایەی کە لە نێوی دان سنووردار دەکاتەوە.

بۆ وێنە سەربەخۆیی بڕیاردانی یەکەیەکی سەربەخۆ بە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سنووردارە و یەکەیەکی سەربەخۆ ناتوانێت بەبێ گوێدان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەربەخۆیانە بڕیار بدات.

بۆیە ئەگەرچی سەربەخۆیی بڕیاردان لەو دوو یەکەیە بە شێوازێکی بەرچاو جیاوازە، خودموختاری دەتوانێت لە چوارچێوەی خۆیدا بەرهەمهێنەری یەک پرەنسیپ بێت کە سەربەخۆییش لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنەری هەمان پرەنسیپە بەڵام بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر و بە گەرەنتییەکی زۆرترەوە بۆ بەردەوامبوون ئەویش عاملیەت یان ئەیجەنسی نەتەوەیە.

خودموختاری دەتوانێت عاملیەت بە شێوازێکی بەدامەزراوەییکراو بگەڕێنێتەوە بۆ نەتەوە و بەو شێوازە ئەسڵی دیاریکردنی مافی چارەنووس بتوانێت بەرهەم بێت.

بۆیە لە نیزامی فیکری دوکتور قاسملوودا خودموختاری گەرەنتیکەری گەڕانەوەی عاملیەتە بۆ گەلی کورد بەڵام لە دوای ئەوەوە، ئەوە خودی نەتەوەیە کە بڕیار دەدات ئەو عاملیەتە چۆن بەکار دێنێت و بەرەو کوێ دەیبات. هەر بۆ ئەو مەبەستەیە کە دوکتور قاسملوو بەردەوام دەڵێت کە ئێمە لەکاتی ئێستادا خودموختاریمان دەوێت بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە کە جیلەکانی داهاتووی ئێمە هەر هەمان داخوازیان بێت. دوکتور قاسملوو بە باشی دەزانێت کە گەڕانەوەی عاملیەت بۆ گەلی کورد، گۆڕینی یاسای یارییەکەیە لە بەرژەوەندیی نەتەوەدا بەڵام گەرەنتی ئاکامی یارییەکە نییە.

بەڵام دوو فاکتەر دەتوانن بەتایبەت لە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ئەیجەنسییە بە شێوازێکی پێشکەوتووتر و هەروەها بە تەزمینێکی زۆرترەوە سەقامگیر بکەن و بە دامەزراوەیی بکاتەوە.

یەکەم فاکتەر ئەوەیە کە کاتێک حکوومەتی ناوەندی (بە تەعبیری دوکتور قاسملوو) یان نەتەوەی سەردەست بە تەعبیرێکی تر، لە ئاکامی بەردەوامی خەباتێکی بەهێزدا ناچار دەبێ کە بێتە سەر مێزی وتووێژ، خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەتوانێت شێوازی ڕێکخستنی ئەو خودموختارییە لە سیستمی حقوقی و سیاسی وڵات بە شێوازێک ڕێک بخات کە هەڵوەشانەوەی بۆ نەتەوەی سەردەست تێچووی زیاتری هەبێت.

دووهەمین فاکتەر لە ڕاستیدا وشیاری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری هاووڵاتیانە بە شێوازێک کە داهاتووی هەرێمەکەیان بە لاوە گرینگ بێت و بە موڵکی خۆیانی بزانن و داهاتووی خۆیان لە داهاتووی ئەو هەرێمەدا ببیننەوە. ئەمەش تەنیا بە چەسپاندنی (بە تەعبیری دوکتور قاسملو لە کورتەباسدا) سێ ڕەهەندی دێموکراسی واتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکرێت. واتە داهاتووی هەرێمێکی خودموختار و هەروەها تا ڕادەیەکی بەرچاویش وڵاتێکی سەربەخۆ گرێدراوی ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکان و شوناسە جیاوازەکان و تاکەکان بەردەوام بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی خۆیان، بە شێوازێکی یەکسان بەشی داهاتی گشتی کۆمەڵگایان بەرکەوێت و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانیان هەبێت.

ئەمەش دەمانباتە دووهەمین هێڵی گشتی لە میراتە هزرییەکانی دوکتور قاسملوو واتە یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان. لە هزری دوکتور قاسملوودا پاش ئەوەی نەتەوە ئەیجەنسی و عاملیەتی خۆی بە دەستەوە گرت ئیش تەواو نابێت بەڵکوو دەست پێ دەکات. دوکتور قاسملو لە کورتەباسدا بابەتی بەرابەری کۆمەڵایەتی بە ناوی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە کردووە و پێی وایە کە حیزبی دێموکرات پێویستە کە بەرنامەی هەبێت بۆ چارەسەری ئەو کێشانە و بە هیچ شێوازێک بەرنامەی خۆی بۆ تەنیا چارەسەری کێشەی نەتەوەیی قەتیس نەکاتەوە. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوودا و لەو سەردەمە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گەیشتن بە بەرابەری کۆمەڵایەتی بریتی بووە لە دامەزراندنی سوسیالیزم لە نێو کۆمەڵگادا.

لە هزری دوکتور قاسملوودا شێواز و ڕێگای گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە سەر بنەمای ئەزموونی کۆمەڵگاکانی تر و دۆخی تایبەتی کۆمەڵگای کوردستان داڕێژراوە.

بەڵام لە ئاکامدا ئامانجی سۆسیالیزم، بە وتەی دوکتور قاسملوو لە کورتەباسدا، نەهێشتنی چەوسانەوەیە لە هەموو فۆرمەکانی خۆیدا.

یەکێک لە فۆرمەکانی لەناوبردنی ئەو چەوسانەوەیە دەتوانێ بە شێوەی نەهێشتنی نابەرابەرییە ئابوورییەکان بێت واتە، هەروەک دوکتور قاسملوو باسی دەکات دابەشکردنەوەی دادوەرانەی سەروەت و سامان لە نێو کۆمەڵگادا.

هەروەها لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوودا فۆرمێکی تری چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە لەناوبردنی «ئیمتیازی ناعادیلانە» کە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دێموکراسی یان بە وتەی دوکتور قاسملوو لە دێموکراسی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەو ئیمتیازانەی کە لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنی تر جیاوازن.

هەندێک جار لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری و هزری کۆمەڵگای مرۆیی هەبوونی ئەو ئیمتیازانە دەردەکەوێت واتە بۆ ساڵەها، سەرەڕای ئەوەیکە هەندێک کەس لەو ئیمتیازانە بەهرەمەند دەبن و هەندێک بە بۆنەیانەوە دەچەوسێنەوە، بەڵام کەس لە بوونیان ئاگادار نەبووە. ئەو ئیمتیازانە کە بە زمانی ئینگلیزی privilege یان پێ دەوترێت لەسەر ئەساسی نەژاد، جینسیەت، سێکشوالیتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تر لە نێو کۆمەڵگادا بونیان هەیە و بوونەتە بنەمای زۆر نابەرابەری کۆمەڵایەتی بۆیە بەگژداچوون و هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمتیازانە بەوتەی دوکتور قاسملوو دەبێ بەرنامەی سەرەکی حیزبی دێموکرات بن.

# یادێک لە خەباتی ڕێبەری خاکەڕای نەتەوەکەمان



**ئەو جڤاکەی باوەڕی بەخۆ نەبێ بەهای پێویست بە کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی خۆی نادات و نایانناسێت بۆیە بەردەوامیش پەتی کۆیلەتی توندتر و توندتر لە گەردنی دەئاڵێت و لەکۆتاییشدا لە گێژاوی گوتاری داگیرکەردا سەرلێشێواو و نامۆ نوقم دەبێت**

**زاگرۆس**

ڕەنگە یەکێک لە زیانبەخشترین تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی ژێردەست نەبوونی باوەڕ و متمانەبەخۆیی بێت؛ دیارە ئەو جڤاکەی باوەڕی بەخۆ نەبێ بەهای پێویست بە کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی خۆی نادات و نایانناسێت بۆیە بەردەوامیش پەتی کۆیلەتی توندتر و توندتر لە گەردنی دەئاڵێت و لەکۆتاییشدا لە گێژاوی گوتاری داگیرکەردا سەرلێشێواو و نامۆ نوقم دەبێت. هەربۆیە کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی دەفەرمێت: «با دایکانی نەتەوەی ئێمە چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانمان بە گوێی منداڵانیاندا بڵێنەوە چون بێگومان ئەو نەتەوەی خۆی ناسی و شانازی بە کەسایەتییەکانییەوە کرد هیچ کات کۆیلەتی قەبوڵ ناکات و چۆک بە وتاری داگیرکەر دانادات و درەنگ یان زوو سەربەخۆیی و ڕزگاری خۆی وەدەس دێنێت».

کاک سەیدسەلام ئەو تێکۆشەرە هەڵکەوتەی مەیدانی کوردایەتییە کە پێویستە هەمووان بە چاوێکی وردبینانەوە سەیری ژیان و ئامۆژگارییەکانی بکەن و وانەکانی بخوێننەوە و ژیانی خاکەڕایانە و خۆبەخشانەی لە پێناوی نەتەوەکەماندا بکەنە سەرباشقەی تێکۆشانی ئەمڕۆ و نەسڵەکانی داهاتوومان.

٢٢ ساڵ بەسەر کۆچی ناوادەی هاوڕێی ڕێبەر و سوارچاکی مەیدانی خەبات و بەرخۆدانی گەل، کاک سەیدسەلام عەزیزی تێدەپەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا لە فیداکردنی سێ ڕێبەری کاریزماتیک و هەڵکەوتوو لە ڕێگەی ڕزگاری و بەختەوەری خەڵکی کوردستان خاوەن دەیان شەهیدی مەزنە کە ئەگەر خۆری پرشنگداری ئەو سێ ڕێبەرە نەبووایە و لە شوێن یان کاتێکی دیکەدا بوایەتن بێگومان تیشکی ڕووناکی هزر و ئەندێشە و توانا و بەڕێوەبەرییان زۆر بەربڵاوتر و بەرینتر لە ئێستە لە ئاسمانی نیشتمانی نەتەوەی کۆلۆنیکراوی ئێمەدا دەدرەوشانەوە و هەر کام لەم کەسایەتییانە ئەگەر لە نێو نەتەوەیەکی سەربەخۆدا بوایەتن دەیان پەیکەری ڕێزلێنان و سەدان نامیلکەی لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانیان و دەیان بەڵگەفیلم لەسەر گیانبازی و خۆ فیداکردنیان لە ڕێگەی بەختەوەری نەتەوەکەیاندا لێ دروست دەکرا.

لەنێو ئەم کەسایەتییانەشدا کاک سەیدسەلامی عەزیزی مرۆڤێکی خاوەن جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆیەتی، کەسایەتییەکی خاوەن ئۆتۆریتە و خەڵکویست و خۆنەویست کە شێلگیرانە لە ڕێبازی خەباتدا هەنگاو دەنێت و بۆ ساتێکیش لەم ڕێبازە لانادا و لەو مرۆڤە ئاکاربەرزانەیە کە کەسایەتی و سامان و زانستی خۆی دەخاتە پێناو خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی و حیزبە پێشەنگەکەی و لەڕاستیدا خۆی دەکاتە پردەبازی ڕێبازی سەرکەوتنی نەتەوە و حیزبەکەی نەک بەپێچەوانە حیزب و نەتەوە وەک پلیکانەی سەرکەوتنی خۆی بەکار بێنێت.

ئەگەر چاوێک بەسەر ژیان و بەسەرهاتی ئەم کەڵەمرۆڤەی گەلەکەماندا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کە کاک سەیدسەلام لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە سەرەتای ٥٧ بەرپرسی دادگوستەری شاری بۆکانە و کاتێک دێتە نێو حیزبەوە لە پلەی سادەی پێشمەرگایەتییەوە دەست بە تێکۆشان دەکات و بە گەورەیی و لێهاتوویی خۆی قۆناغەکان دەبڕێت و تا دەبێتە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب، ئەو لەو دەگمەن ڕووناکبیرانەیە کە لە جیاتی ئەوەی دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێ و ژیانی تاکەکەسی خۆی بۆ گرنگ بێ، خۆنەویستانە پێ دەنێتە ڕێبازی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوا هەڵدەبژێرێ.

کاک سەیدسەلام لەو دەگمەن کەسایەتییانەیە کە بە زمانێکی سادە و زانستییانە وەک ڕێبەرانی شەهید هەوڵی پراکتیزەکردنی خەبات و دروست کردنی بناغەی تیئۆریکی خەبات ئەدات و لە هەمان کاتدا وەک پێشمەرگەیەکی نموونە و گیانفیدا بۆ دەستەبەربوونی سەروەری نەتەوەکەی بەرخۆدان دەکات. ئەو کە مامۆستایەکی لێهاتوو و شارەزای بواری ماف بوو، زۆر بە باشی لەم ڕاستییە تێگەیشتبوو کە ماف وەرگرتنی نییە و دەبێ بە خەبات و ماندووبوون بستێندرێت وەک شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە چاوەڕێی وەدیهاتنی دەرفەت بۆ ڕزگاری ناکات بەڵکوو بە هەوڵ و ماندبوونی خۆی و هاوڕێیانی هەوڵی ئەوە دەدات دەرفەت بۆ شۆڕش و خۆڕزگارکردن لە ژێردەستی بخولقێنێ و داگیرکەر لەهەمبەر ئیرادەی بەرزی خۆیدا بۆ سەرکەوتن بەچۆکدا بێنێت.

هەر بۆیە لە کاتی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنمان و لە ئاخاوتنێکدا دەفەرمێت خەباتی ئێمە بارتەقای ئەو زوڵم و زۆرەیە کە لێمان دەکرێت و ئێمە هەرگیز لەبەرانبەر زاڵماندا چۆک دانادەین و تا سەرکەوتن درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆمان ئەدەین.

کاک سەیدسەلام زۆر باش لەو ڕاستییە تێگەیبوو کە لە دنیای ئاڵۆزی حقوقی نێونەتەوەییدا بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەکی ژێردەست بە مافەکانمان بگەین دەبێت ڕێگەی خەبات و بەرخۆدان و خۆبەهێزکردن بگرینە بەر و بۆ ئەم مەبەستەش سازماندان و ڕێکخستنی پێشمەرگەی بە چەکی باوەڕ و زانست و لە هەمان کاتدا بەهێزبوونی لەباری سەربازییەوە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر چاو لێدەکرد و هەر لەم پێناوەشدا ئەو کاتەی کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزب بوو ئەوپەڕی هەوڵی خۆی لەم پێناوەدا وەگەڕ خست و وەک بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی کاک کاوە بەهرامی

باسی لێوە کرد: کاک سەیدسەلام لەو کەسایەتییانە بوو کە لە پێگەیاندنی پێشمەرگە دەوری سەرەکی گێڕا و تا هەنووکەش دەورو کاریگەری ئەم ڕێبەرە بلیمەتە لەباری پەروەردەو فێرکردن و ڕاهێنانی پێشمەرگە لەباری سیاسی و نیزامییەوە بە ڕوونی دیارە. سەیدسەلام وەک ڕێبەرێک هەموو کات بۆ پێشخستنی خەبات ئامادەی ڕەخنەگرتن و قەبووڵکردنی ڕەخنە لە کاروباری خۆی و حیزبە خۆشەویستەکەی بوو لەم پێناوەشدا وەک لە وتار و کتێبەکەی بە ناوی سەفەری بێ گەڕانەوەدا دەردەکەوێ بە سینگێکی ئاوەڵاوە ڕەخنە لە خۆی و حیزبەکەی دەگرێت بەڵام نەک لە پێناو شکاندنی خەبات یان هاوڕێیانیدا بەڵکوو لە پێناوی خەباتێکی بەهێزتر و بەردەوام و بێهەڵەتردا تاوەکوو گەلەکەی زووتر بە ئامانجە ڕەواکانی بگات. لە ماوەی دە ساڵدا لە نێوان دوو پووشپەڕ و خەرمانانێکدا حیزبی دێموکرات دوو ڕێبەر و سەرکردەیەکی کاریگەری خۆی لە دەستدا، سێ ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی کە بە نەمانیان حیزبی دێموکرات وەکوو سەرەکیترین و بەهێزترین هێزی پارتیزانی لە جیهانی ئەوکاتدا زەبرێکی گەورەی وەبەرکەوت هەر ئەم سێ کۆستە بەس بوون بۆ ئەوەی بەهێزترین جوڵانەوەکانیش لەنێو بچن و ئاسەوارێکیان نەمێنێ بەڵام گیانبازی وانەکانی ئەم سێ ڕێبەرە و خوێنی سەدان شەهیدی سورخەڵاتی گەلەکەمان و هەزاران درێژەدەری ئەم ڕێبازە پڕ لە سەروەرییە بوونە هەوێنی مانەوەی جوڵانەوەی نەتەوەکەمان و ئێستاکەش بە یادکردنەوە و درێژەدان بە ڕێبازی ئەوان حیزبی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای ڕاسان و ژیانەوە لە سەرانسەری ئاخی زاگرۆسی داگیرکراوماندا دەتوانێ ببێتەوە بە ئەستێرەی ڕێنیشاندەری خەباتی کوردایەتی و بەهێزترین جوڵانەوەی ڕەوا لە ناوچە و تەنانەت جیهانیشدا.

**کاک سەید سەلام لەو دەگمەن کەسایەتییانەیە کە بە زمانێکی سادە و زانستییانە وەک ڕێبەرانی شەهید هەوڵی پراکتیزەکردنی خەبات و دروست کردنی بناغەی تیئۆریکی خەبات ئەدات و لە هەمان کاتدا وەک پێشمەرگەیەکی نموونە و گیانفیدا بۆ دەستەبەربوونی سەروەری نەتەوەکەی بەرخۆدان دەکات**

## وێستگە

# دایکایەتی تەنیا یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی ژنانە!



**نووسین: هێمۆ**

لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کە زیاتر ژیان بە شێوەی نەریتی بەڕێوەدەچێت و بەهۆی پێشکەوتوونەبوونی کۆمەڵگاوە ژنان زۆر کەمتر لە پیاوان دەچنە بازاڕی کارەوە و بە ئەرکیماڵەوە زیاتر سەرقاڵن، پرس و بابەتی دایک بوون گرینگییەکی تایبەت لە خۆ دەگرێت.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئەو پێناسەی کە ڕەنگە خودی کۆمەڵگا، یان دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەدا بۆ ژنانی کردبێت، قەتیس کردنەوەی ئەوان لە ڕۆڵی دایکدایە.

ئەمە ئەو دیاردەیەیە کە ئێستاکەش لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت. پێناسەیەک کە لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا بۆ ژنان کراوە ئەمەیە کە بە لەدایکبوون لە نێو خێزاندا، ڕۆڵی کچی بنەماڵەیان پێ دەبەخشرێت ، کچێک کە دەبێ یارمەتیدەری دایک لە کارەکانی ماڵەوە بێت، خەمخۆری باوکی و هەروەها خزمەتکارێکی باش بۆ براکەی! دواتر کە دەگاتە قۆناغەکانی سەرەوەی ژیان و کەم کەم دەبێت ڕوو لە خوێندنی باڵا بکات، بەپێی پێناسەکان وای بۆ شرۆڤە دەکرێت کە یان خوێندن بۆ کچ نابێت یان ئەگەریش بێت، لە کۆتاییدا هەر دەبێ بچێتە نێو ژیانی هاوبەشەوە و لەوێ ئەرکی هاوسەر بگێڕێ! دواتریش بەپێێ نەریتی کۆمەڵگا بەدڵنیاییەوە دەبێ ببێت بە دایک و ئەمە لای ئەو کۆمەڵگایە و بەپێی شێوە ڕوانینەکەی، گرینگترین ئەرکێکە کە لە سەر شانی قورسایی دەکات! جیا لەوەی کە تا چەند کۆمەڵگا، دەسەڵات و کولتووری زاڵ ئەم پێناسەیە بۆ کچان دەکەن و ئیزن بە خۆیان دەدەن تاکوو بڕیاری ژیانی کچێک هەر لە سەرەتاوە بەم شێوەیە بدرێت، ئەوە ئاکار و بیرکردنەوەی خودی کچەکەیە کە گرینگە. هەر ئەوەی کە ڕێژەی خوێندەواری کچان لە کوڕان کەمترە، یان ئەوەی کە زیاتر لە کوڕان دەست لە خوێندن هەڵدەگرن، ئەوەی کە زۆر زووتر لە تەمەنی گونجار دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و زۆر زوو منداڵیان دەبێت و دەبنە دایک، بابەتێکی گرینگە کە چووەتە ناخی خودی تاکەکانیشەوە، زۆر جار کە لەگەڵ ئەم کەسانە قسە دەکرێت خۆیان زۆر بە سەرکەتووش دەزانن کە لە تەمەنی بۆ نموونە ٣٠ ساڵیدا، منداڵەکەیان ١٨ ساڵانە! ئەمە جیا لە وروژاندنی بابەتگەلی گرینگی وەکوو هاوسەرگیریی زۆرەملێ و منداڵبوونی پێشوەختە و زەخت وگوشاری بنەماڵەکان بۆ لەکۆڵ کردنەوەی نانخۆرێکی زیاتر، بەشێکیشی پێوەندیی بە خودی تاکەکانەوە هەیە کە بۆچی ژیانی کەسانی دەوروبەر نەیتوانیوە ببێتە ئەزموون بۆ ئەوەی کە لە قۆناغێکدا بە دەوروبەرییەکانیان بڵێن بوەستە! من مافی ژیان و بڕیاردانم هەیە. ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر، ئەو ڕۆڵی دایکایەتییەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بە پیرۆزییەوە باسی لێوە دەکرێت و وەک بەشێکی سەرەکیی ژیانی هەر ژنێک چاوی لێدەکرێت، وەک بڵێی هەر ژنێک کە ببێتە دایک ئەوە ئیدی مرۆڤێکی تەواوە و بە منداڵبوون سووڕی ژیانی خۆی تەواو کردووە. لە ڕاستیدا لە ژیانی پیشکەوتووی ئەمڕۆدا بە ڕۆڵگێرانی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و بە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتن لە دنیای دەوروبەر و بارودۆخی ئابووری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش، ژنان زۆر کەمتر لە جاران ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان لە دایک بووندا پێناسە دەکەن.

ژنان لە سەردەمی ئێستادا، وەکوو دایکەکانی خۆیان بیر ناکەنەوە کە چارەنووسی هەر کچێک هاوسەرگیری و پاشان بوون بە دایکە بەڵکوو ئەوان زیاتر بیر لە خۆیان و دەرفەتەکانی ژیانی باشتری بەردەمی خۆیان دەکەنەوە کە دەتوانێ سەرکەوتنی کۆمەڵگاش مسۆگەر بکات. زۆرجار، لە زۆر کەسدا، منداڵ و هەستی دایکایەتی ئەتوانێ لەمپەرێکی گەورە بۆ ژنان و سەرکەوتنەکانیان بێت. ئەمە بەو مانایە نیە کە نابێ ژنان ببن بە دایک چونکە بەپێی سرووشتی ژیانیش شتی وا نالوێ و نابێ کۆمەڵگا لە بەرهەمهێناوەی ژیاندا تووشی وەستان بێت بەڵکوو بەو مانایەیە کە بوون بە دایک ئامانج نییە، ئەوە بڕیارێکە بۆ ژیان و داهاتوو کە ڕەنگە کەسێک لەو چوارچێوەیەدا خۆی و ژیانی پێناسە نەکردبێت.

ڕەنگە هۆکارەکانی زۆربوونەوەی مەیلی ژنان بۆ نەبوون بەدایک لە ئەمڕۆدا زۆربن، وەک دۆخی ئابوری، دۆخی سیاسی، دۆخی کۆمەڵایەتی، دۆخی فەرهەنگی و زۆر هۆکاری تر، بەڵام زۆربەی ژنان بە ئەزموونێک کە لە ژیانی خۆیاندا هەیانبووە، بە بینی لەخۆبوردوویی دایکەکانیان و ئەو هەموو ماندووبوونەی کە بۆ گەورەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان لە ئەستۆیان بووە، چیدیکە ئامادە نین کە قوربانی بن، بەو مانایە کە ئەوانیش وەکوو دایکەکانیان تەنیا لە بەر ڕوانینی کۆمەڵگا کە نەکا پێیان بوترێت کێشەیان هەیە و ناتوانن ببن بە دایک ، بەرپرسایەتییەک لە ئەستۆ بگرن کە پاش ساڵانێک و کاتێک منداڵەکەیان ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن، تازە تێبگەن کە ژیانی ژنێک تەنیا لە دایکایەتیدا کورت ناکرێتەوە و ئەوان جیا لەو ئەرکە شتێکی تر نازانن.

دایک بوون و دایکایەتی هەست و بەرپرسایەتییەکی زۆر پیرۆزە و بەدڵنیاییەوە هەرکەسێک ناتوانێ قورسایی ئەم ناو و ئەرکە بە کۆڵ بکێشێ بەڵام ، تێگەیشتنی ژنان لە ژیان و داهاتوو و ئاواتەکانیان ئەتوانێ لە دنیای ئەمڕۆدا بژاردەیەک بخاتە بەردەمیان کە ئایا پێیان خۆشە دایک بن یان نە؟ ئەمە هەر ئەو ئەسڵەیە کە وەکوو هەڵبژاردنی تاکەکەسی و مافی هەڵبژاردن ناوی لێ دەبردرێت و مرۆڤەکان ئازادن لە بڕیارداندا، بۆیە پێناسەیەک کە هەرکەس بۆ ژیانی خۆی و داهاتووی خۆی دەیکات، جێگای ڕێز و بایەخە.

# د.قاسملوو
# شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەر و بەورەی ڕێگای ئازادی



جاقل

بەداخەوە دەبێ کاتێکی زۆر زیادتر تێپەڕ بێت هەتا لێکۆڵەران بتوانن هەموو لایەنەکانی کەسایەتی ڕێبەری هەڵکەوتە و بلیمەتی نەتەوەی کورد، شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەبواری سیاسی، کەلتوری، دەرونشیکاری و کۆمەڵایەتی و هتد بە خەڵک بناسێنن.

نەتەوەی کورد هێشتا خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و کێشە ناوخۆییەکان و ئێرەیی‌بردن و بەرژەوەندی لێکۆڵەران و زاڵبونی سێبەری هەڕەشەئامێزی داگیرکەر دەرەتانی نوسین و بەرجەستەکردنی تەواوی کەسایەتی کاک دوکتوری نەداوە.

بەو حاڵەشەوە کەم نین ئەو لێکۆڵەرە بەویژدان و دەروەستانە کە بە سەر هەموو ئەو کەندوکۆسپانەدا کە دەخرێتە بەردەمیان لە ڕێڕەوی حەقوێژی لانادەن و ئەوەندەی مەجالیان بۆ بڕەخسێ باس لە کەسایەتی بەرز و کاریزماتیکی شەهید قاسملوو دەکەن .

لە هەمووی ئەمانە گرینگتر ئەو کوڕ و کچانەن کە سەنگەری قاسملوویان ئاوەدان هێشتووەتەوە و بەدژی داگیرکەری تاران لە خەباتێکی بەردەوامدان. بێگومان د.قاسملوو درێژەدەرانی ڕێبازەکەی لە هەموو کەسێک خۆشتر ویستووە و بۆ گەیشتن بە ئارمانە بەرزە ئینسانییەکان هەموو شتێکی لەو پێناوەدا داناوە.

لەدایکبوون و ژیان و خەبات و شەهیدبوونی د.قاسملوو گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. میللەتە ڕۆژهەڵاتییەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد ناتوانن لە جیهانی میتافیزیک دابڕێن و تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک لەو جیهانەش دوور بکەونەوە ناتوانن لە ڕۆحی عیرفانی بێبەری بن؛ هەر بۆیە ئەگەر د.قاسملوو بۆ خۆیشی ئەم ڕستەیەی قبوڵ نەبێت دیسان نەتەوەی کورد ناتوانێ چاوپۆشی لەو ڕێکەوتە بکات کە شەهیدبونی سەرداری پێشەنگی ناسیۆنالیزمی کوردی، شەهید سمایل ئاغای سمکۆ و لەدایکبونی د.قاسملوو لە شەوی یەڵدا بە یەکەوە گرێ دەدات.

هەر بۆیە کە باسی لەدایکبوونی ڕێبەری شەهید دەکرێ هەندێ سیگناڵی زێهنی گشتی کۆمەڵگا، پرسەکە لە دەست سیاسییەکان و لێکۆڵەرە واقعبینەکان دەردەهێنێ و قاسملوو بۆ ئینسانێکی ئاسمانی بەرز دەکاتەوە.

ئێرنێست کاسیرێر دەڵێ: زێهنی زۆربەی مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان خۆر بە نمادی خودا دەزانێ و شوێنی دەرکەوتنی خۆر واتە [ڕۆژهەڵات] بە شوێنی خودا ناو دەبەن.

هەربۆیە تەنانەت بیرمەندە ڕێئالیست و فەلسەفییەکانیش ناتوانن زەینی گشتی خەڵک لە ڕێکەوتبونی، هاتنەدنیای د.قاسملوو لە شەوی یەڵدا، دوابەدوای شەهیدکرانی سمایل ئاغا وەک ڕووداوێکی ئاسایی تێبگەیێنن.

قاسملوو ئەو خۆرە بوو کە سینگی تاریکی شەوی یەڵدای دڕی و هەتا ئێستاش بۆ شوێنکەوتووانی ڕێبازەکەی نمادی خۆرێکی بەتین و تاوە! ئەمە دەتوانێ تەنیا یەک هۆکار بێت لەو دەیان هۆکارەی کە نەتەوەی کورد، قاسملوو وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک وەربگرێ.

ڕێکەوتی لەدایکبونی د.قاسملوو و بارودۆخی ژیانی بنەماڵەکەیان هەندێ گەورەیی زاتی پێدەدا کە ئەگەرچی د.قاسملوو هیچکات ئەو شتانە بە پێوەری گەورەبوون نازانێ و قبوڵیان ناکات بەڵام لە ڕۆژانی داهاتووی ژیان و خەباتی ئەودا بایەخی خۆیان هەیە.

دورکەوتنە لە شوێنی لەدایکبوون هەر لە تەمەنی لاوەتییەوە، د.قاسملوو لەگەڵ واقعییەتەکانی ژیان ئاشنا دەکات. ئەو چیدی کەسێک نابێ کە چاوەڕوانی یارمەتی بنەماڵە بێت بەڵکوو ناچار دەبێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و بە سەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیدا بە تەنیایی سەرکەوێ. ڕەوتی ژیان ئەو دەکاتە خەباتکارێکی دڵسۆزی بندەستان.

ئەو لەم ڕێگادا بە وردییەوە سەرنجی ڕووداوەکانی دەوروپشت و بنەماڵەی دەدات. قاسملوو هەر لە یەکەم تێگەیشتنەکانییەوە بە دوای «سەداقەت» و «عەداڵەت»ەوە دەگەڕێ، کە پرسیار و کارشکێنییەکانی لە کاری باوکیدا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە.

سەرکەوتنەکانی لەبواری خوێندن و تێکەڵبوونی بە کەلتوری ڕۆژئاوایی کەسایەتییەکی زۆر جیاوازتر بە ئەو لە نێو سیاسییەکانی کورددا دەبەخشێ.

تایبەتمەندییەکی دیکەی شەخسیەتی کە قاسملووی لە چەپە ئێرانییە غەیرەکوردەکان جیا دەکردەوە، ڕاستگۆیی، بوێری و کۆڵنەدان لە داواکارییە عەداڵەتخوازانەکان لەبەرانبەر بەرەی کۆمۆنیزمدا بوو.

هەر ئەمەش وای کردبوو کە هیچکات بەرەی کۆمۆنیزم د.قاسملوو بە تەواوی قبوڵ نەکەن، هەروا کە د.قاسملووش هیچکات تەواوی کردەوەکانی بلوکی چەپی قبوڵ نەبوو .

هەڵسەنگاندنی د.قاسملوو لەگەڵ سیاسییە کوردەکانی هاوتەمەن و هاوچەرخی خۆی ستەمێک بووە کە هەتا ئێستاش بەداخەوە درێژەی هەیە.

تێگەیشتنی د.قاسملوو لە جیهانی سیاسی سەردەمی خۆی جیاوازییەکی زۆری هەیە لە تێگەیشتنی سیاسییە کوردەکانی ئەوکات.

قاسملوو، ئازادیی وەک ئەسڵێکی بێئەملاوئەولا لە سیاسەت و ژیاندا قبوڵ بووە. دابڕان لە خێڵ و دوورکەوتنەوەی تەواو لە بەرژەوەندی شەخسی و قبوڵکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا وا دەکات کە بە کردەوە د.قاسملوو خۆفیداکردن بکاتە بنەمایەکی پتەو بۆ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە، بێ ئەوەیکە ئەم خۆفیداکردنە بە مانای بەپیرەوەچونی مەرگی جەستەیی بێت.

ژیان و خەباتی قاسملوو دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زێهنی قاسملوو مەرگ نابینێ مەگەر ئەو کاتەی کە مەرگ وەک ڕووداوێکی کوتوپڕ بێتە سەر ڕێگای. قاسملوو تەنیا ڕێبەری نەتەوەی کوردە کە لە ڕێگای زانستەوە دەچێتە نێو پرسی ناسیۆنالیزمی کورد.

ئەو کەسێک بووە کە لە سیاسەت و ئابووریدا شارەزایی تەواوی هەبووە و توانیویەتی بە چەندین زمانی زیندووی جیهان قسە بکات.

لەواقیعدا سیاسییە کوردەکانی دەوروپشتی لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش شتی لێوە فێر بوون و بە نەوعێک شوێنکەوتووی ئەندێشەکانی ئەو بوون یان ئەگەر دژایەتیشیان کردبێ پێیان وابووە ئەو دژایەتییە پێگەی ئەوان بەرز دەکاتەوە چونکە قاسملوو بەرزەمرۆڤی سەردەم بووە و دژایەتی یان شوێنکەوتنی دەیتوانی بە گەورەیی لایەنی بەرانبەر لە لای خەڵکانێک لەو سەردەمەدا لێکبدرێتەوە.

خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە زۆربەی کاتەکان زۆر باسکردن لە کەسایەتی ئاکادمیک و بەرزی د.قاسملوو وادەکات کە لایەنی خەباتکاربوون و بەوەربوون و شۆڕشگێڕبوونی ناوبراو بکەوێتە بن سێبەر و پەراوێزەوە. پڕئاشکرایە کە باسکردن لە تایبەتمەندییە خەباتکارانەکانی قاسملوو هەندێ مەسئولییەت بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە خۆیان بە شوێنکەوتووی ڕێبازی قاسملوو دەزانن.

دەستهەڵگرتن لە خۆشییەکانی ژیان، خەباتی بەردەوام، فیداکردنی هەموو سەروەت و سامانی دنیایی و تەنانەت گیانیش لە پێناو بیروباوەڕدا و ڕیسکی گەورە و مەترسیدار کە ڕۆژانە بە گیانی خۆی و ماڵ و منداڵەکەی بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی دەیکرد، تەنیا بەشێکی بچوکن لەو ڕاستییانە کە کەمتر باسیان لێوە دەکرێ.

قاسملوو لە نێو خەڵکی خۆیدا زۆر خاکەڕایانە دەژیا و خەباتی دەکرد و بە زمانێکی سادە و بێ گرێوگۆڵ چەمک و ڕستە عیلمی و زانستییە قوڵەکانی بۆ شی دەکردنەوە.

هەر بۆیەش نەدیتنی تەواوی ئەو تایبەتمەندییە ئەخلاقییانە و کەمترباسکردنیان جیاواز لەوە کە خەسارێکی گەورەیە دەتوانێ بۆ جیلی تێکەڵ بە شۆڕش مەترسیداریش بێ.

قاسملوو لێرەشدا خاوەن کەلتورێکی تایبەت بوو کە لە کەمتر سیاسییەکی کورددا لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەدی دەکرا مەگەر لە د.شەرەفکەندی هەمیشە سادقدا! هەندێ تایبەتمەندی بنەڕەتی کە ئێستاش حیزبی دێموکرات لە حیزبەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونەکان و خەباتی د.قاسملووە، بۆ نمونە دێموکراتبوون.

دێموکراسی ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە دونیای ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاوازە و خۆبەزلزانین نییە ئەگەر بڵێین میللەتی بێ دەوڵەتی کورد لە زۆربەی وڵاتانی ناوچە دێموکراتترە و لە نێو ئەم حیزبانەدا حیزبی دێموکرات لە هەمووان زیاتر دێموکراتە. گرتنی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا، ئازادی ڕادەربڕین، کەلتوری دووری کردن لە شەخسپەرەستی و هتد میراتگەلێکی گرانبەهای د.قاسملوون کە لە نێو حیزبدا هەر بە بەهێزی ماونەتەوە.

لەباری سایکۆلۆژییەوە د.قاسملوو مرۆڤێکی شاد و پڕ لە جوڵە و لەفزخۆش بوو. شادبوون و دەم بەبزەبوون و پشتگوێ خستنی هیلاکی و کێشە ڕۆژانەکان و لەبیربردنەوەیان بە قسەیەکی خۆش، یەکێک لەو خەسڵەتە زاتیانە بوو کە هەتا کاتی شەهیدبوونی لەگەڵیدا بوون. ڕێبەرێکی وەها شاد کە هەموو کەسێک بە بینینی وزەی دەگرت و هەموو ئینسانێک حەزی دەکرد جارێک لەگەڵی دانیشێ و لە بیستنی قسە خۆشەکانی بێ نەسیب نەبێ.

ئەگەر ئەمڕۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بە چاوی گومانەوە لە وتووێژ و مێزی موزاکرە دەڕوانن، بەرهەمی خوێنی شەهید قاسملووە. د.قاسملوو بە گیانی خۆی ڕیسکی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی قبوڵ کرد.

ئەگەرچی لەم نێوانەدا د.قاسملوو گیانی بەخت کرد بەڵام نەتەوەی کورد زۆر زیادتر لە جاران چاوی کرایەوە.

بەڕێز لێپرسراوی گشتی لە ڕێوڕەسمێکدا لەساڵانی پێشوو بە ئاماژە بە شەهیدکرانی سمایل ئاغا و دوکتور قاسملوو وتی: فارسەکان تەنیا میللەتێکن کە لە سەر مێزی وتووێژ بەرانبەرەکەیان دەکوژن .

میکانیزمێکی سروشتی کە تەبیعەت بە سەر مرۆڤدا دەیسەپێنێ، هەڵکردن و دانوستانە لەگەڵ یەکتری و لە کۆتایی هەموو کێشەکاندا مرۆڤ ناچار بە دانیشتنە لەگەڵ بەرانبەرەکەی.

هۆکارگەلێکی زۆر لە پشت دانیشتنی د.قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بەڵام ئەو هۆکارەی کە وایکرد د.قاسملوو ڕیسکی شەهیدبوون قبوڵ بکات ئەرخایەنبوون لە شۆڕشگێڕانی پاش خۆی بەتایبەت د.سادق شەرەفکەندی بوو.

قاسملوو بەڵێنەکەی بردە سەر و بە شەهیدبوونی خۆی ئاڵای خەباتی دایە دەست نەسڵی پاش خۆی.

ئەم کەتوارانە لە ژیانی د.قاسملوودا کەتوارگەلێکن کە ئێمە دوکتور قاسملوو وەک شۆڕشگێڕێکی کۆڵنەدەر و بەورەی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بندەستان زیادتر بناسین و لە سەنگەرەکانی شاخ و شاردا بە ئەمەگ و ئیمانەوە درێژەدەری ڕێبازەکەی بین.

# دوکتور قاسملوو وەک چەپێکی نوێی نەتەوەیی



**سندووس**

بۆچی ئانارشیستگەلی وەک «میشێل فۆکۆ»، نیئۆمارکسیستی وەک «لویی ئالتۆسێر»، نهێلیستی وەک «ئیسلاڤی ژیژەک» و نیئۆلیبراڵی وەک «ڕۆناڵد مایلیز دورکین» و «ڕیچارد ڕۆرتی»، لەژێر چەتری بیری «چەپ»دا کۆدەکرێنەوە؟

لەوکاتەوە کە جیایی لە نێوان «چەپ» و «ڕاست»، داکەوت، «چەپ»ەکان، هاوڕێ لەگەڵ «ژاکوبن»ەکانی شۆڕشی فەڕانسە، لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دابەشینی نێعمەتەکانی ئەم جیهانە نادادپەروەرانەیە و هۆکارەکەشی سروشتی مرۆڤ نییە، بەڵکوو پاوانکردنی ئەو نێعمەتانەیە، لەلایەن چینێکی تایبەتەوە. ئەوان بە ڕوناکبیرانی نەزمی نوێ، چاکسازیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زوڵم، پێناسە کراون.

تایبەتمەندییەکانی ئەم نەزمە نوێیەش بریتییە لە:

۱- ئازادیخواز بوون

۲- دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

ئەم دوو خاڵە هاوڕێ لەگەڵ، ئازادی و یەکسانی کە وەک دروشمی شۆڕشی فەڕانسە، چاویان لێدەکرا، هاوتەریبن.

مێژوو دەریخستووە کە ئازادیخوازیی، ئامانجێکی بێڕاوەستانە، چوونکە هەر کە ئاخرین قوربانی لەچاوان بزر دەبێت، داپڵۆسینێکی تر دێتە ئاراوە. ئازادی ژنان لە ژێردەستیی «لاکان و کریستوا» وتەنی نەزمی هێماخوازانەی پیاوانە، «ماری بووکچین» وتەنی ئازادی ئاژەڵ لە کەڵکاوەژۆی مرۆڤ و سیستمی هیرارشی کە ئاکامەکەی درووستبوونی کەلافێکی بێسەروبنی وەک Egoی خۆتەوەر لە جێگەی Ecoی ژینگەپارێزە بە مرۆڤ و گشت بوونەوەرەکانییەوە.

ئەوانە گشتیان لە بەرنامەی کاری چەپەکاندان.

«ڕەهایی»، کە بەشێک لە چەپەکان، ئیمڕۆ لایەنگری لێدەکەن، تەنیا بە مانای ئازادی لەژێر نیری چەوسانەوە و داپڵۆسینی سیاسی، یان مافی پیشە و کاری دادپەروەرانە نییە، بەڵکوو بە مانای کۆتاییهێنان بەو پێکهاتەگەلەن کە لۆژیکی چەوساندنەوەی ژێربەژێر و هێمنانەی نیزامی بورژوازیی لەژێر چەتری یاسادا چێ کردووە؛ پێکهاتەی وک:

نیهاد، داب و ڕەسم و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی ئەو ڕەهەندانەی، لە هەناوی نیزامی سەرمایەداریدا، وەک سازێنەری ئەم دۆخە خۆیان نیشان داوە.

بەلای چەپەکانەوە، ئازادی دەبێتە هۆی کۆتاییهاتن بە بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان، هەربۆیە بەشی هەرەزۆری نووسراوە و دەقەکانی ئەوان، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە چەقبەستووەکانی وەک سیستمی پەروەردەی خەسێنەر و بەمۆرەکردنی مرۆڤ، ئایینزا، مافی بە ڕواڵەت مرۆڤ و ... تەرخان کراوە.

چەپەکان، لایان وایە کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ئەو میراتانەوە بە ئێمە گەیشتووە.

ئا بەم شێوەیە، میشێل فۆکۆ، ئەوەی کەسانیتر وەک ئامرازی نەزمی مەدەنی چاویان لێدەکەن، بە پێکهاتەگەلی داپڵۆسین ناویان دەبات.

بەم شێوەیە نەزمی کۆمەڵایەتی کلاسیک و کۆن، خراوەتە پەراوێزەوە و لە زۆر شوێندا وەکوو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ چاویان لێدەکرێ.

بەڵگەی قورس و قایم بۆ سەلماندنی هاوشانبوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بیرمەندانی چەپی نوێ، نامیلکەی «کورتەباس»ە.

لەم نامیلکەیەدا شەهیدی سەرکردە، دێموکراسی و سوسیالیزمی وا شی کردووەتەوە کە کەمتر کەس هەیە خوێندبێتییەوە و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەرێتییەوە، یان پرسیاری گرینگی لە لا درووست نەبووبێت.

لەم نامیلکەیەدا دوکتور قاسملوو ئاماژە بەوە دەکات کە نە سوسیالیزم بە بێ دێموکراسی بایەخی دەبێت و نە دێموکراسیش بە بێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی توانای لەناوبردنی زوڵم و زۆریی دەبێت؛

کەوابوو بۆ ئەوەی ئەم دوو چەمکە لێکدانەبڕێن، باسی «سوسیالیزمی دێموکراتیک»مان بۆ دەکات و بیری ئازادیخوازانە و دادپەروەرانەی لە «کورتەباس»دا گەڵاڵە کردووە و وەکوو بیرمەند و شۆڕشگێڕێکی کرداریی، کەڵکەڵەی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەری هەیە.

بەلای دوکتور قاسملووی سەرکردەوە خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بەس نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بتوانێ بە ئامانجە لەمێژینەکانی بگات، بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی، خەباتی ڕەگەزی و کۆمەڵایەتیشی کردووەتە بەردی بناخەی سیاسەتی حیزب و بوێرانە گۆمی مەندی هەر جۆرە زوڵم و زۆر و دیکتاتۆرییەتێکی شڵەقاندووە و هاوسۆزی کۆمەڵگایەکە، کە کەرامەت و سەروەری بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، ئەو بابەتانەشی لە چوار قۆناغ و تەوەری گرینگدا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڵاڵە کردووە:

۱- لابردنی زوڵم و زۆری نەتەوەیی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی، سێکۆلار و دێموکراتیک.

۲- خەبات بۆ سڕینەوەی زوڵمی ڕەگەزیی و پێدانی جێگە و پێگەی ئینسانی بە ژن و «سیموون دووبوار»وتەنی چاڵکردنی ڕوانگەی «ڕەگەزی دووهەم».

۳- پیادەکردنی سیستمێکی ئابووری گەشەئەستاندوو، کە هاوڕێ لەگەڵ بووژاندنەوەی هەمەلایەنە، بەرەبەرە قەڵشتی کۆمەڵایەتی پڕبکرێتەوە و لە داهاتوویەکی دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات؛ ئەوەندە لە کزی بدات کە هیچ تاکێکی کورد هەست بە ئازار نەکات و لە سەر خاکی وڵاتەکەی هەست بە حەسانەوە و ژیانێکی تەژی لە بەختەوەری بکات.

٤- بە کرداریی کردنی سیستمێکی پەروەردەی مرۆڤتەوەر کە بتوانێ تاکی کورد لە سەر بنەمایەکی ئاشتیخوازانە، دێموکراتیک و خاوەن ئیرادە پێبگەیەنێ. ئەم کارە بەردی بناخەی گەشەی هەمەلایەنە دادەڕێژێ و دەرووی ئاسۆیەکی ڕوون بەرەو سیاسەتی کوردیدا دەکاتەوە.

حیکمەتی سیاسی دوکتور قاسملوو ئەوەندە بەرزە کە تەواوی بەربەستە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگای بە وردی بینیوە و بە داڕشتی بەرنامەی ژیرانە بۆ داهاتوو، چرایەکی گەشاوەی لە بەر چاومان هەڵکردووە کە بە هەموو پێوەرەکان، لە تیئۆریدا هاوشانی گەورەترین نیئۆچەپەکانی سەردەمە، بە یەک جیاوازییەوە، ئەوان تەنیا تیئۆرییان داڕشتووە کەچی دوکتور قاسملوو وێڕای داڕشتنی تیئۆری هەوڵی پیادەکردنەکەشی داوە.

# ئۆغر تەوارانی چیای سەربەرز!

**هیوا خانی**

تەوارانی چیای ئەستەم، کچانی چاوکراوەی شاخ، خەباتگێڕی گەلی بندەست، شۆڕشگێڕی مافی ژنان بە بڕوایەکی پتەو بە ئازادی و دێموکراسی لە ئامێزی کەژوکێودا سروودی ڕزگاری دەچڕن. ژنبوون دەسەلمێنن و دەرسی بەرابەری دەڵێنەوە. ئەوە کچانی پێشمەرگەی دێموکراتن دەبنە پێشڕەوی ژنانی کورد لە خەبات و تێدەپەڕن لە فیمینیزمی جیهانی.

بژین کچانی شاخ، ژنانی شار، پێشمەرگە، دایکانی سبەی پێشمەرگە. ئەگەر ئاوڕێک لە دیرۆکی مرۆڤایەتی بدەینەوە و چاوێک بە کۆمەڵگاکاندا بگێڕین، ژنان یەکەویەکی پیاوان ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نین بەڵام لە دابەشینی پێسپێراوی ئەرک و کردەوە و بەرپرسایەتی ئەو یەکەویەکبوونە ڕەچاو نەکراوە. ئەوەش دیارە هۆگەلی تایبەت بە خۆی هەیە و لە بڕگە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتی زەمان داسەپاوە و پێملبووە و خۆی لێدزراوەتەوە و لە توانست بەدەر بووە، یان بیر نەیگەیاندۆتێ!! هەتا هاتووە مرۆڤ پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بینیوە و لە پێش و پاش قۆناغی بەردینەوە هەتا شۆڕشی پیشەیی و تەنانەت ئەمڕۆش کە تەقینەوەی تێکنۆلۆژی و زانیاری ئێلێکترۆنی و میدیاییە، ژن هەموو کات پشکدارێک بووە لەو بەرەوپێشچوونە، زۆر یان کەم.

لە تەواوی ئەو قۆناغە مێژووییانەدا لە گۆڕەپانی بێنەوبەرە و بگرەوبەردەدا بوونی هەبووە بەڵام ئێستاش چی بۆ حیساب نەکراوە.

پاش هەرەسهێنانی قۆناغی مێوەجاغی، بە هۆی گەلێک لە تایبەتمەندییەکانی ژن و هاتنەئارای دەسەڵاتی پیاوسالارانە، دەسەڵاتی ژن لە کەمی دەدا و وردەوردە دەخزێندرێتە چوارچێوەیەکی تاریفکراو و دیاریکراو و لە قوژبنی ماڵ قەتیس دەکرێ. ئەمر و نەهی و چ بکا و چ بخوا و چۆن هەڵسووکەوت بکا، بە نەسیحەت پێیدەگوترێ، بۆی دەنووسرێ. قۆناغ بە قۆناغ هەودای دەست و پێبەندەکانی زیادتر و ئاڵۆزتر دەبن.

لە زۆر شوێنان ئازادی و سەربەستی و تەنانەت مرۆڤایەتیشی لێدەستێندرێتەوە و وەک بووکەڵە هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەن و بایەخی دێننەخوارێ؛ ئەو سووک کردنە زۆرێک لە ژنان توورە دەکات بۆیە بە وەڕێخستنی ناڕەزایەتی و دروست کردنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان داوای قەرەبووی مافی پێشێلکراویان دەکەنەوە.

بزوتنەوەی گێڕانەوەی سەروەری بۆ ژنان و هەڵکشانی ژن هەتا ئاستی بەرانبەری پیاو قەدەر هەیامێکی زۆرە دەستی پێکردووە.

ئەو ڕێکخستن و خەباتە لەگەڵ ئەوەی بۆ ژن و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی پێشێلکراوی ژنان کار دەکات بەڵام دیسانیش لەگەڵ ئایدیۆلۆژی و بیر و هزری هەڵقوڵاوی پیاوسالارانە خۆ ڕێکدەخاتەوە و بە بڕوای خۆیان ڕێگای گەیشتن بە ئامانج و زەمانی تەرخان بۆ گەیشتن بە داواکانی خۆیان کورتتر کردۆتەوە! یانی دیسان پێبەندەکانی پیاوسالاری هەر بۆ خۆیان وەک تپق و کەلەبچە لە دەست و پێی خۆیان دەهاڵێننەوە.

بزوتنەوەی فیمینیستی کە دۆزی ژن بەگشتی لە کۆمەڵگا بەرەوپێش دەبات لەگەڵ ئەوەی گەلێک جار ڕادیکاڵ و توندوتیژی پێوە دیار بووە بەڵام زۆرجار لەگەڵ ڕێبازی فکری و ئایدئۆلۆژییەکانی جیهانی دەستی وێکداوە و پێیوابووە لەو ڕێگەیەوە داواکانی مسۆگەر دەبن و ئایدئۆلۆژی چەپ و لیبراڵ و ئیسلامی و ڕێبازە فکری و هزرییە جۆراوجۆرەکانی جیهانیان هەڵبژاردووە و پێیان وابووە ئەوە دەبێتە پردی پەڕینەوەی ژن بۆ هەرێمی بەختەوەری !!

لە کوردستانیش، ژن نەک ئەو پێبەندانەی بەگشتی وەک ژن هەیانە هەیە! بەڵکوو وەک نەتەوەکەی زوڵم و زۆر و تەعەدای چەندقاتیشی لەسەرە! هەڵکەوتن لە جیهانی سێهەم، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێرانی ژێردەستی مەلایان، کوردستانی داگیرکراو و ئاسمیلەکراو، دەردی دوو دەرد کردووە. ئەوانە و ژیانی تاڵ و ئۆلی جیاواز و ئایدئۆلۆژی و کلتووری زاڵ و داسەپاوی بێگانە کەشوهەواکەی لە کوردستانیش گۆڕیوە، دەنا کۆمەڵگای کوردەواری چوونکە لەباری کار و داهات پیشەی خەڵکەکەی مەڕداری و وەرزێڕی بووە هەموو کات ژن و پیاو بە هاوبەشی کارەکانی ڕۆژانەیان ڕاپەڕاندووە!

یانی ژن و پیاو دووانەی لێکدانەبڕاوی کاتی خۆشی و ناخۆشیان بووهن. هەموو کات کارەکانیان دابەش کردووە، ئەگەر پیاو شوان بووە ژن بۆتە بێری، ئەگەر پیاو گاوان بووە ژن بۆتە نان ئەستێن، ئەگەر پیاو ئاودێر بووە ژن بژاری کردووە، ئەگەر پیاو پاڵە بووە ژن دەسکەنەی کردووە.

بە کورتی ژن هاوتا و هاوپشت و هاوبیر و دەستبارگری هەموو قۆناغەکانی ژیانی پیاو بووە بۆیە ئەگەر کارەکەرێکی لە ماڵ چۆتەدەر باربەهایەکی داوا کردووە! کە جێگای بەتاڵی ئەوی بۆ پڕ بکاتەوە.

لە کوردەواری ژن بارتەقای پیاو بووە بەڵام زاڵبوونی کلتوور و نەریتی بێگانە و هەڵچنینی دیواری بێمتمانەیی و جیاوازی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو کارێکی کرد کە ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا بێگانە بن.

ئێستا لە کوردستان هەڵسوڕانی فێمینیستی بە مانا ئاکادیمییەکەی بوونی نییە بەڵام هەوڵ و خەباتێک بۆ دەستەبەرکردنی ماف و داواکانی ژنان لەئارادایە. هەر ئەوەی کە ئێستا ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری لەخۆی ڕادیوە و خۆی ڕاناوە و دەنگ بەرز دەکاتەوە کە منیش هەم! پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵ و لە ڕیزی خەباتدا دیاری کردووە و خۆی فەرز کردووە جێگای خۆشحاڵییە و ئاسۆی دواڕۆژی خۆی و نەتەوەکەی ڕوون و گەشاوە کردووە.

ئەمڕۆ کچی جوان و نازدار و لەباری کورد لە چیا سەختەکان خۆ پێدەگەیەنێ و ڕاهێنان دەکات و ڕیزی خەباتکارانی گیانفیدای نیشتمانی هەڵبژاردووە و ئامانجەکانی دواڕۆژی خۆی و نەتەوەکەی پیرۆز کردووە، جێگای شانازی و سەربڵێندییە. دیارە یەکەم چەخماخەی ئەو پیرۆزکردنە، - خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ڕەگەزایەتی بەهەڤڕا پیرۆز دەکەن -. کچانی کۆبانی لێیاندا و سەرکەوتوو بوون و دنیا سەرسامی ئەو غیرەت و جەوهەر و خۆڕاگری و خۆفەرزکردنە بوو.

ئەمڕۆش لە کوردستان بەڵام لە ڕۆژهەڵاتەکەی کچانی شنۆ و سابڵاغ و سنە و کرماشان و هەموو شارەکانی دیکەی ئەو بەیداغەیان هەڵکردووە و بەتەمان ئەوانیش نیشان بدەن کە دەتوانن سەرێک بن لە سەراندا، ئەوانیش دەتوانن ببنە پێشەنگ و پێشڕەو و هێما و نیشانەی ژنی خەباتکار و ئازادیخواز و سەربەست. ئەمڕۆ کچانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە قریشکەیان چیا پڕ دەکا و دڵی دوژمن دەلەرزێنێ ئاڵاهەڵگری بزاڤی ژنانی ئازادەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەل و داوای چینی خۆیان خەبات دەکەن, خەباتێکی هاوکات. ئەو کەتوارە ئەوە دەگەیەنێ کە کچانی کورستان تێپەڕیون لە ژنانی فیمینستی هەموو جیهان؛ بۆیە دەڵێین:

بژین کچانی شاخ
ژنانی شار
پێشمەرگە
دایکانی سبەی پێشمەرگە
بژین ، بژین

## تاهیر مەحموودی:

# ئەورۆ خەڵکی ئەحواز لە دوو لاوە ستەمیان لێ دەکرێ. ڕێژیم لە توونێتیان قڕیان دەکا، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندخوازیش چاویان لێ سوور دەکاتەوە کە هەر بەتەنیا داوای ئاوی خواردنەوە و حەقاوی خۆیان لە چۆمەکانی ناوچە بکەن و لەوە زیاتر داوای هیچی دیکە نەکەن




**وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی**

حەوتوویەکە خەڵکی ئەلئەحواز بەهۆی بێ ئاوی و گەندەڵی بەرپرسانی ڕێژیم ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دژی ڕێژیمی ئێران دروشم دەدەن، قەیرانێک کە کارناسان هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ گواستنەوەی ئاوی ئەو هەرێمانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێیە بۆ ناوەند و هەروەها سازکردنی بەنداو بەشێوەی ناپسپۆڕانە، دەگەڕێننەوە. ڕێژیمی ئێران بەنیسبەت ئەو دۆخە و چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە. تەنانەت لە ماوەی ئەو حەوتوویەدا چەندین کەس بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران کوژراون و دەیان کەسیش بریندار بوونە. ڕۆژ بە ڕۆژ خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان لە شارەکانی ئەلئەحواز لە پەرەسەندندایە و هەروەها شارەکانی کرماشان، تاران، مەشهەد، کەرج، خورەماوا و دورووود بە نیشانەی هاودەنگی و پشتیوانیی لە خەڵکی نارازیی پارێزگای خووزستان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دروشمی مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر و برووخێ کۆماری ئیسلامی و مەرگ بۆ خامنەییان وتووەتەوە و بەمجۆرە پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی پارێزگای خووزستان دەربڕیوە. لە وتووێژی ئەمجارەماندا ئەم مژارە لەگەڵ بەرێز ‹‹تاهیر مەحموودی›› بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخەینە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-دەشتی پڕپیتی ئەلئەحواز چۆن تووشی بێ ئاوی بووە و دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەرهێناوە؟**

ناوچەی «ئەحواز» یەکێک لە پڕئاوترین پارێزگاکانی ئێرانە. ئاوی ئەم ناوچەیە تەنانەت لە پارێزگاکانی گیلان و مازەندەرانیش زیاترە.
گەورەترین چۆمەکانی ئێران وەک کاروون و کەرخە و دیز، لەم پارێزگایەدا هەڵکەوتوون.
چڕ کردۆتەوە. گەورەترین پڕۆژەکانی بەنداوسازی کە زۆربەیان هەڵگری ستانداردە لانیکەمییەکانیش نەبوون لە ئەحواز جێبەجێ کران.
هەم ناوچەی دیکە بە ئاوی ئەحواز خەنی بوون، هەم گیرفانی مافیای ئاو ئاخندرا بەڵام ئەحواز وشک بوو.
حوورۆلعەزیم ئاوی لێ بڕا. ئێکۆسیستمی ناوچە وێران بوو. تەنانەت ئاوی خواردنەوەش لەو ناوچەیە بوو بە قات.
ئاوی خواردنەوە و هەوای خاوێنە.
ئەوەی ڕاستی بێ، پرسی سەرەکی لە ئەحواز، بریتییە لە داواکاریی خەڵک بۆ لابردنی هەڵاواردنی ئەتنیکی.
خەڵکی عەرەبی ئەحواز، تەنانەت کێشەی بێئاویش لە سۆنگەی هەڵاواردنی ئەتنیکییەوە دەبینن.
گومان لەوەدا نییە گەلی عەرەب لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراندا، کێشەی ئاویان هەیە بەڵام کێشەی شوناسیشیان هەیە.
یەکێک لە بەهێزترین مافیاکان لە نێو تەونی ئاڵۆزی مافیاکانی سەر بە حاکمییەتی ئێران، مافیای ئاوە. ئەو مافیایە لە لایەکەوە ئاوی شوێنێک کە بەدرێژایی مێژوو لە بەستێنێکی تایبەتدا ڕەوان بووە، بە زەبری گۆڕینی بەستێنی چۆمەکان و بە سەرف کردنی پارەیەکی یەکجار زۆر، دەگوازێتەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە لایەکی دیکەوە، بە بیانووی پڕۆژەی سەدسازی، بوودجەی نجوومی وەردەگرێ و قووتی دەدا.
لە بیست ساڵ پێشەوە، مافیای ئاو بە شێوەیەکی سەیر چاوی لەو ناوچە پڕئاوە بڕیوە و هەوڵەکانی لە ئەحواز

**- ئەو خۆپیشاندانانە هەتا چەندە بە کێشەگەلی دیکەی سیاسی و ئابووری لە ئەلئەحواز پێوەندیدارە؟**

لەو چەند ڕۆژەدا کە خەڵکی ئەحواز هاتوونەتە سەر شەقام، هێزەکانی حاکمییەت لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندخواز لە خاڵێکدا هاوبەش بوون. هەردووکیان داکۆکییەکی لەڕادەبەریان لەسەر ئەو بابەتە کردووە کە گرفتی خەڵکی ئەحواز هەر بەتەنیا گرفتی لە چەشنی کێشەی پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتیشیان هەیە.
تەنانەت زۆرێک لە هێزەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێرانیش، بە پاڕانەوە بێ یان بە هەڕەشە، بە هەر شێوەیەکی پێیان کراوە بە خەڵکی ئەحوازیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان نابێ جگە لە پرسی ئاو باسی پرسی دیکەی وەک مافی نەتەوایەتی یان بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی بکەن.
ئەورۆ خەڵکی ئەحواز لە دوو لاوە ستەمیان لێ دەکرێ.
ڕێژیم لە توونێتیان قڕیان دەکا، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندخوازیش چاویان لێ سوور دەکاتەوە کە هەر بەتەنیا داوای ئاوی خواردنەوە و حەقاوی خۆیان لە چۆمەکانی ناوچە بکەن و لەوە زیاتر داوای هیچی دیکە نەکەن.

**- ئەو کێشە و قەیرانانەی کە بەرەوڕووی پارێزگای ئەلئەحواز بووتەوە، تا چەندە جوغرافیای نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لەگەڵی بەرەوڕوون؟**

ئەو کێشەیەی بەرەوڕووی خەڵکی عەرەبی ئەحواز بۆتەوە، بەشێوەیەکی سەیر لەگەڵ کێشەی خەڵکی کورد هاوشێوەیە. لە لایەکەوە هەمان ئەو سیاسەتە ئاوییەی لە ئەحواز جێبەجێ کراوە، ڕێک خەریکە لە کوردستانیش جێبەجێ دەکرێ.
لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم لە کوردستانیش وەکوو ئەحواز لەسەر پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتی و هەڵاواردنی ئەتنیکی سوورە.
کوردستانیش وەکوو ئەحواز ناوچەیەکی پڕئاوە. ئەو چاوتێبڕین و تەماحەی ئەحوازی وشک کرد، لە کوردستانیش لەگۆڕێدایە.
ئاوی بەنداوی بۆکان بە خڕ و پتوونی دەبرێتەوە بۆ تەورێز و ئاوی ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و شنۆ بەرێ دەکرێ بۆ گۆلی ورمێ، ئەوە لە حاڵێکدایە لە ورمێ و نەغەدە، لە دەوروبەری گۆلی ورمێ، بە دەیان هەزار چاڵاوی ئیزن پێدراو و ئیزن پێنەدراو خەریکن پاشەکەوتە ژێرزەوینییەکانی گۆلی ورمێ هەڵدلووشن و ڕۆژبەڕۆژیش زیادتر دەبن.

**. ئاستی ئەو خۆپیشاندانانە هەتا چەندە بەربڵاوە و بەرەو کوێ دەڕوات؟**

دروشمە توندەکانی خەڵکی ئەحواز دوای دوو سێ ڕۆژ گەیشتنە تاران. خەڵکی تاران دروشمەکانیان ڕێک ئاراستەی سەری ماری نیزام واتە خامنەیی دەکەن. دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨، ئاگری ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠٠یش بە مەودای دوو ساڵ هەڵگیرسا. زۆریەک لە پسپۆڕانی سیاسی هەڵگیرسانی ئەو ئاگرەیان پێشبینی کردبوو.
ئەو ڕاپەڕینە بە ئیحتمالێکی زۆر بەهێز، زیاتر تەشەنە دەستێنێ. دوای بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن خەڵکەوە، هەستی متمانە بە خۆیی لای خەڵک هەتا ڕادەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە. جگە لە جووڵەی ئیعترازی و هاتنی خەڵک بۆ سەر شەقام، مانگرتنەکانیش خەریکن تەشەنە دەکەن. گیروگرفتە لەچارنەهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیش وەک بەنزینێک وایە کە بڕژێتە سەر ئاگری ئەو ئێعتراز و مانگرتنانە. وێدەچێ خەڵک بڕیاری ئەوەیان دابێ، بەشێوەیەکی یەکجارەکی خۆیان لەگەڵ ئەو سیستمە یەکلا بکەنەوە. حاکمییەتیش بڕیاری داوە ڕەحم بە خەڵک نەکا.
ئەو دۆخە دووجەمسەرییە دەبێتە هۆی تەقینەوەی نارەزایەتییەکان. ئەگەر زلهێزەکان بە نهێنی پشتی کۆماری ئیسلامی نەگرن ـ وەک ساڵی ٨٨ ـ سەقامگیربوونەوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی زۆر ئەستەمە.

**- سەبر و تاقەتی کۆمەڵگایەک لە کەمیی پێداویستییە سەرەکییەکان هەتا چەندیە؟**

قاتی پێداویستییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە ئاستی قاتی نان و ئاو و هەوا و کارەبا. ئیدی ڕەنگە خەڵک لە بیری کەمایەسیی گۆشت و برینج و میوەدا نەبێ. خەڵک نانی نییە بخوا، ئاوی نییە بیخواتەوە.
کارەبای نییە پێداویستییە سەرەتاییەکانی پێ ڕاپەڕێنێ. داو و دەرمانی نییە. واکسەنی نییە خۆی لە مردن پێ بپارێزێ. شیری ویشک و پەڕۆی بۆ منداڵە ساواکەی نییە.
کۆمەڵگای ئێران لە ئاستی تەقینەوەیەکی ڕاستەقینەدایە.

**. لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە چ بژاردەیەکی لەبەر دەست دایە؟**



کۆماری ئیسلامی دەرفەتەکانی بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان لە کیس داوە. کۆماری ئیسلامی وێرانەیەکی وەهای لە ئێران ساز کردووە کە تەنانەت ئەو وڵاتانەی لە حاڵی شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی بیانیشن یان ئەو وڵاتانەی چەندین ساڵە تووشی شەڕی ناوخۆش بوونە، لەچاو ئێران لە دۆخێکی باشتردان.
تاقە بژاردەیەک کە لەبەردەستی ڕێژیم دایە ـ و ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ ڕاشیگەیاندووە ـ سەرکوتی بێڕەحمانە و بەڕێوە بردنی سیاسەتی زەمینی سووتاوە. سەرانی ڕێژیم بڕیاری یەکجارەکییان داوە کە ئەگەر قەرارە وڵات تەحویلی خەڵک بدەنەوە، وڵاتێکی تەحویل بدەنەوە کە هەتا چەندین دەیە نەکرێ ئاوەدان بێتەوە.
ئێران ئێستاش بەگوێرەی زۆریەک لە ستاندارد و نۆرمە جیهانییەکان، لەڕیزی چارەڕەشترین و دواکەوتووترین وڵاتانی جیهاندایە.
تاقە سیاسەتێک کە ڕێژیم ئێستا لە دەستی دێ، سیاسەتی نیشاندانی مستی ئاسنینە.

# لە کێ ئەچی؟



لە کێ ئەچی ئەی کێوە بەرزەکەی وڵات؟
لەکێ ئەچی وەها نەبەز، سەربەرز، نەترس؟
لە کێ ئەچی وەها ئەچی بەگژ تەما
بەگژ خەما،
بە جەرگی چەرخی داوچنا؟
بە ناخی سینەی گڵاوی دوژمنا؟
*****

کێ دیویەتی لە تۆف و بەند،
لە گرمەگرمی هەوری تاڵ،
لە با،
کرێوە،
شەست،
شلێوە
یا لە قرچەقرچی تاو،
بێنیتە یەک برۆت؟
لە کێ ئەچی؟
*****

لە کێ ئەچی
ئەی کێوە بەرزەکەی وڵات؟
لە کێ ئەچی؟ ...
لە مێشکتا حەماسەیە و
دڵت پڕە لە گوڵ
لە ئاشتی و سەفا
لە نانە پڕ ... باوەشی تۆ
لە دەغڵ و دان
لە کێ ئەچی؟
*****

ڕووبار و چۆمی گشت وڵات
چ کانی و کەرێز هەیە و هەرچی شەلال،
لە تۆوەیە سەرچاوەکەی؛
لە کێ ئەچی؟
*****

لە کێ ئەچی کە خۆر لە شانی بەرزی تۆوەیە
کە دەستی گەرمی خۆی
ئەخاتە سەر دڵی زەوی؟
لە کێ ئەچی؟
*****

لە کێ ئەچی کە شار
بەتۆوە پشتی بەست لە گەردەلوول و با،
لە بوومەلەرزە،
تۆف و بەند،
لە سەیلی نەگبەتی،
لە لەشکری جیاجیا،
کە داڵدە بووی،
بۆ خەڵکی شار،
بۆ گشت وڵات،
پشت و پەنا
لە کێ ئەچی؟
*****

لە کێ ئەچی کە سێبەرت بەسەرمەوە
فەوارەیە،
قەڵبەزەیە؛
کە فێنکی ئەدا بەدڵ،
حەسانەوە بە لەش؟
*****

لە کێ ئەچی کەوا دەوام ئەکەی
لەبەر گەزەندی با و هێرشی ڕەهێڵە و
شەڵلاقی بێ بەزەی هەور؟
*****

لە کێ ئەچی کە سەربڵیندی و
بەهێزە شان و قۆڵ و پێت؟
*****

لە کێ ئەچی بە مێزەرەی ڕەش وسپی بەسەرتەوە
بە بەفر و بەردەوە،
لە کێ ئەچی؟

هێور مەریوانی

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* No :803 22 July 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia